# کاریگەریی زمان لەسەر میدیای کوردی

هەڵەت هەمەوەندی

زانایانی ئەتنوگرافی لەسەر ئەوە ڕێکەوتوون کە پێنچ بنەمای سەرەکی هەیە بۆ بونیاد و ناسینەوەی هەر نەتەوەیەک کە بریتین لە زمان، ناو، کولتوور، خاک و مێژووی هاوبەش، بەڵام پێش ئەوەی ئەم بنەمایانە مەرجی سەرەکیی ناساندنەوەی نەتەوە بن، سەنگی مەحەکی پێودانگە شارستانییەکانن.

وەکو تێڕوانینێکی نێونەتەوەیی میللەتی کورد بە ETHNICITY ناسراوە، بەڵام خاوەنی یەکەمین دەستپێکی ژیانی شارستانییە لە جیهاندا، ئەمە زیاتر لە ڕوانگەیەکی سۆسیۆ- جیۆگرافییانەوەیە کە بەپێی ئەو توێژینەوەیەی گرووپ و پسپۆڕانی زانکۆی شیکاگۆی ئەمەریکایی کە لە ساڵی ١٩٤٨دا و بە سەرپەرشتی زانا (بریدوود) ئەنجامیان دا، ئەوەیان دەرخست کە بۆ یەکەمین جار کشتوکاڵ لە مێژووی مرۆڤایەتییدا لە گوندی (چەرموو) کە تەنیا یازدە کیلۆمەتر و نیو لە شاری چەمچەماڵەوە دوورە، دەستی پێکردووە و هەر لێرەوەش بۆ یەکەمین جار نیشتەجێبوون و مەڕداری دەستیان پێ کردووە، ئەمە جگە لەوەی کە وەکو فکرە و بنەمای ئایدیۆلۆژی هەڵگری بەپیرۆزکردنی ئافرەت، یاخود ئافرەتپەرستی، بوون. دانیشتوانی گوندی چەرموو ١٥٠ کەس بوون و مێژووەکەشی دەگەڕێتەوە بۆ ٧٠٠٠ ساڵ بەر لە ئێستا.

کەواتە لاری لەوە نییە کە نەتەوەی کورد خاوەنی ئەو خەسڵەتانەیە کە پێی بڵێیت خاوەن شارستانییەت دواتر نەتەوەی کورد، کە هەر چەندە پێودانگە ئەنترۆپۆلۆجییەکان باسی چوار شارستانییەتی کۆن دەکەن ناوی میزیۆپۆتامیا و نیل و هند و چین دەبەن، بەڵام دەستپێکی یەکەمین و کۆنترین و گرنگترینیان لە چەرمووەوە سەرچاوەی گرتووە.



هەڵەت هەمەوەندی

زمان، دەکرێت زۆر باس و خواسی هەمەجۆر هەڵبگرێت کە هەر زانستەش بە جۆرێک و بەپێی مەودایی کاری خۆی باس و شیتەڵکاری بۆ بکات. ئەوەی لێرەدا زیاتر جێگەی پشت پێ بەستنە لایەنە ئەتنۆگرافییەکەیە لە چوارچێوەی میدیادا.

میللەتی کورد لە کۆمەڵەزمانی ئاری سەر بە خێزانی هیندۆئەوروپاییەکانە، کە برا و هاوپۆلن لەگەڵ چەند میللەتێکی وەکو بلوج، ئەفغان، فارس، جێرمەن... تاد. شانبەشانی زمانەکانی تر، زمانی کورد گۆڕانکاری و پێشکەوتنی بەسەردا هاتووە، بەڵام بە پێچەوانەی زۆر میللەتی تری دونیا زیاتر تووشی ئاستەنگ و چەڵەمەش بووە، جا چی ئەو چەڵەمانە ئایینی، کۆمەڵایەتی، سیاسی، یا جیۆپۆلیتیکی بن.

بەهەرحاڵ، ئەسڵی مەقسەد لێرەدا چوونە ناو دنیایەکە کە زمان کاریگەرترین و بنەڕەتیترین هۆکارێتی کە ئەویش ڕاگەیاندنە. هەڵبەتە ڕاگەیاندن لق و پۆپ و پێکهاتەی زۆرن، بەڵام ئەو گیروگرفتانەی کە لێرەدا پێشان دەدرێت لە هەرلایەکی ڕاگەیاندندا بێت بە نووسراو و بیستراو و بینراوەوە لە یەکتری نزیکن، بەڵام کەم و زۆر بەپێی بار و کات و دیاردەکان ڕوونی و بەهێزی گرفتەکان لەسەر لایەنێکی دیاریکراو لە بەرز و نزمیدا دەبن. نموونەش بۆ ئەمە زۆرجار گۆڕانکارییەک لەسەر ئاستی جیهانی کاریگەرییەک لەسەر ڕەوتی زمانی کوردی دروست دەکات کە ڕەنگدانەوەی کاریگەرییەکانی سەر زمانەکەش دواتر لە بوارە ڕۆژنامەوانییەکەدا بە ڕوونی دەبینرێت. بۆ نموونە ئەگەر بڕوانینە سەرهەڵدانی ئایینی ئیسلام و وەرگرتنی ئەو ئایینە وەکو سەرەکیترین بەش لە ژیانی کۆمەڵایەتیی خەڵکی کورددا، ساناترین نموونەیە کە بڵێین مۆرکێکی دیاری بە عەرەبکردنی لەناو کورد و زۆربەی ئەو میللەتانەش کە هەڵگری پەیامی ئیسلامن بڵاو کردەوە، کە ئەمەش نەک تەنها لە ڕووی زمانەوە، بەڵکە بگرە لە ڕووی کاریگەربوون بە کولتوور و بەهای کۆمەڵایەتیشەوە کاریگەری دروست کرد، کە هەڵبەتە لە سەرەتادا بە شێوازێک و دواتر بە شێوازێکی تر بەردەوامی وەردەگرێت و وەچە لە دوای وەچە دەگوازرێتەوە و لە هەر قۆناغێکیشدا کاریگەرییەکان دەگۆڕدرێت و لەگەڵ بەرەو قووڵایی چووندا و زیاتر توانەوە لەناو مۆرک و زمانێکی تری بیانیدا کە بە زمانی بیانی، یاخود زمانی قورئانی عەرەبی، ناو دەبرێت زۆر مۆرکی ڕەسەنایەتی و نەتەوایەتی بزر دەکرێت و دەکرێتە قوربانی بۆ زمانی بەرامبەر کە لە گەڕانەوەی ئەو پاداشتە گەورەیەشدا میللەتی بەعەرەبکراو ئەو شتانەی کە پێی دەڵێن مەرجی شارستانی، یاخود ناسینەوەی نەتەوە لە دەستی دەدات یا کاڵی دەکاتەوە کە هەروەکو هەموومان دەزانین ئایین چ کاریگەرییەکی هەیە لەسەر زمان و ناو و کولتوورو مێژوو و خاکی کورد. بەڵگەش بۆ ئەمە چ لە

كات نووسين يا قسەكردندا نيوەی وشەكانمان عەرەبی و فارسين، نيوەی ناوەكانمان عەرەبی و ئايينين، نانخواردن و مانەری هەڵسوكەوتمان، ئاخافتن و گفتوگومان... تاد زۆر مۆركی بيانی و دەرەكی پێوە ديارە، ئەمە كە سەرەڕای ئەوەی خاكێكی هاوبەشمان نييە و پێی بڵێن كوردستان، تەنها كوردستان بەبێ باكوور و باشوور و ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا. كە هەڵبەتە ئەمە تەنها هۆكاری ئايينی نييە، بەڵكو دەشێت هۆكاری جيۆپۆلۆتيكيش لايەنێكی تر بێت.

لەگەڵ پارچەبوون و تەرتە و وەرتەبوونی ميللەتی كورددا، پارچەبوونێك لە زمانەكەيشدا ڕوويدا كە سەرباری ئەوەی ئەو تەرتەبوونە لە زۆر زمانی تردا لە وێنەی ديالێكتدا ڕوويدا، بەڵام ڕێژەوێكی سەرەكييان بۆ هێشتەوە بۆ ئەوەی كە بە كاری فەرمی ياخود وەكو زمانحاڵی هەموو لايەكی جياواز بناسرێت نموونەی ئەو زمانانەش ئينگليزی، عەرەبی، لاتينی... تاد.

زمانی كورد، بەسەر چەند ديالێكتێكی جياوازدا دابەش بووە كە دەكرێت بڵێين هەر ديالێكتێك زمانێكە بۆ خۆی!! سەرەڕای ئەوەی كە چوار پارچە كراوە، بەڵام لە هەر پارچەيەكيشدا چەند ديالێكتێك هەيە كە لەم بارەيەوە كوردستانی باشوور زۆر دەوڵەمەندە وەكو ئەوەی دەبينين ديالێكتەكانی سەروو، خواروو، هەورامی، لوڕی بەدی دەكرێن.

ئەوەی كە ئاستەنگييەكی زۆری دروست كردووە بۆ ڕۆژنامەوانيی كوردی، نەبوونی زمانێكی يەكگرتووی هاوچەرخە لەناو كورددا، كە وەكو زمانێكی سەرتاسەری لە هەر پارچەيەكی كوردستاندا بێت بناسرێت و خوێنەر و بيستەر بتوانێت لە مەيدان و كاری ڕۆژانەی ژيانی ڕۆژنامەوانيدا كاری پێ بكات، هەربۆيەشە لەكاتێكدا كە باسی كەلێنی ڕۆژنامەوانيی كوردی دەكرێت يەكسەر دەگەڕێنرێتەوە سەر كێشەی زمان.

لە بواری ڕۆژنامەگەرێتيدا، چەندين ڕۆژنامە و گۆڤار هەر بە يەك ديالێكت دەردەچێن، كە ئەمە زۆرجار لە چوارچێوەی تەنيا ناوچەيەكی دياريكراودا بڕ دەكات، بەڵام لە هەمان كاتدا گرنگ وايە كە ئەو گۆڤارە يا ڕۆژنامەيە سنووری شارێك يا شارۆچكەيەكی تری كوردی ببەزێنێت، چونكە دانيشتوانەكەی لە كێشەكەدا هاوبەشە، لە ڕووداوەكەدا هاوبەشە، ياخود پێويستە هاوبەش و بەئاگا بێت. نموونەش بۆ ئەمە چەندين گۆڤار و ڕۆژنامەی بەكەڵكی سنووری سلێمانی لە دهۆك نييە ياخود هی دهۆك لە سلێمانی و هەولێر نييە ئەگەر هەشبێت بە ديالێكتی زمانی كورديی سۆرانی يا بادينی دەست دەكەوێت. لێرەدا كێشە سەرەكييەكە تەنها زمان نييە، بەڵكو وشياريی نەتەوەيی ياخود خۆشەويستيی يەكپارچەيی كوردستان لايەنێكی تری بوارەكەيە كە ئەمەش تەنها ميللەتی كورد بەرپرس نييە، بەڵكو ميللەتانی چەوسێنەری كورد دەورێكی زۆريان هەبووە نەك تەنها بە لاوازكردنی زمانی كوردی بەڵكو بۆ نەمانی هەوڵياندەوە، بەڵام لەبەر پارێزراوی پێكهاتەی كەسايەتيی مرۆڤی كورد ئەمەيان بۆ نەكراوە، جگە لەوەش زۆرجار هانی خەڵكانيان داوە كە ناو و ناتۆر لە زمانی كوردی بگرن و بە چاوێكی سووكەوە لێی بڕوانن، هەروەكو حەزرەتی( نالی) لە بەرپەچدانەوەی ئەوەدا دەفەرموێت:

*كەس بەئەلفازم نەڵێت خۆ كوردیە، خۆ كردیە*
*هەركەسێك نادان نەبێت خۆی تاليبی مەعنا دەكات*

چەند نموونەيەكی تريش لەو بارەيەوە هەيە كە باس لە پارێزراوی و پابەنديی ميللەتی كورد دەكات بە زمان و كولتوورەكەيەوە، كە هەرچەندە زۆرجاريش داگيركەرانی لە وێنەيان نەبووە، مۆركی زمانەكە نەتوانراوە تەواو ڕيشەكێش بكرێت، بەڵام كاڵيان كردۆتەوە و مەوداكەيان گۆڕيوە. هۆكاری ئەو كاڵبوونەوەيەش دەگەڕێتەوە بۆ زۆر لايەن كە ڕەنگە زۆرجار خۆبەكەمزانينی كەسی كورد لەچاو ميللەتانی تردا هۆكارێكی تر بێت، زۆرجار باری دەروونيی مرۆڤی كورد لاسەنگی دروست دەكات لەنێوان ڕەسەنايەتيی زمان و كولتووری كوردی و زمانە بێگانەكانی تر بە تايبەت عەرەبی و فارسی و توركی، كە لەگەڵ ئەوەی بە كوردی قسە دەكات بەڵام زۆر ئاستەنگ لێی دەگەيت، چونكە لەبنەڕەتدا ئەو كەسە بە فارسی يا عەرەبی يا توركی دەئاخڤێت، ئەمەش نيشانەی بێئاگاييە لە نەژاد و بنە و ڕەچەڵەكی.

ئەوەتا دكتۆر عەبدوڵڵا پەشێو دەڵێت: «برينی خۆبەكەمزانينی كورد مێژوويەكی دوورودرێژی هەيە. سەدان ساڵ عەرەبی زمانی دين، فارسی زمانی ئەدەبيات، توركيش زمانی دەسەڵات و فەرمانڕەوايی بووە. زمانی كورديش، لە سەرمی ئەو زمانانە، بەرەو شاخ و لادێ هەڵكشاوە، خۆی بە شايەنی شارستانی نەزانيوە).

حەزرەتی ئەحمەدی خانی سێسەد ساڵ پتر پێش ئێستا، فەرموويەتی:

*حاصڵ ژعيناد ئەگەر ژبێ داد*
*ئەڤ بيدعەتە كرد خيلافی موعتاد*

*صافی شەمراند ڤەخوارد دوردی*
*مانەندێ دەری، ليسانێ كوردی*

*ئينايە نيزام و ئينتزامێ*
*كێشايە جەفا ژبۆ وێ عامێ*

*دا خەڵق نەبێژتن كو ئەكراد*
*بێمەعريفەتن بێ ئەسڵ و بنياد*

بەڵێ خانی مەزنيش سێسەد ساڵ بەر ئێستا هەستی بەو كەلێنی خۆبەكەمزانين و نەخۆشييە كوشندەيە كردووە كە خەڵكێكی زۆر پێوەی ناڵاندووە، ئەمە لەكاتێكدا بووە كە زۆر كەسان پێيان شەرم بووە كە بە زمانی كوردی قسە بكەن و بنووسن، كە هۆكارەكەی دەگەڕێتەوە بۆ لاوازيی مەعريفی و دەرئەنجامەكەيشی بە خاشەكردنی زمانی كوردی كۆتايی دێت.

ڕاگەياندنی كوردی كۆمەڵێك كەلێنی هەمەچەشنەی تێدايە، بەڵام دەتوانرێت بوترێت هيچيان وەكو لايەنی زمانەوانييەكەی زۆر ڕوون و ديار نييە، ئەمەش تەنها لەوەدا نييە كە لاوازی لە ئاستی هونەری و شێوازی نووسيندا هەيە لە ڕووی زمانەوە، بەڵكو كەلێنەكە دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتايەكی قووڵتر كە ئاوێتەی تێنەگەيشتنی خودی كورد لە پەيامی خودی كورد بووە، كە ئەمەش لەسەر ئاستی ناوچەيی ياخود لە سنووری ناوچەيەك بەڵام لە چەند شارێكی جياوازدا دەبينرێت، هەر وەكو ئەوەی پەيامەكان كە لە ڕۆژنامە و گۆڤارەكاندا بڵاو دەكرێنەوە، سەرەڕای ئەوەی كە ڕادەربڕی تەنها زاراوەيەكن، لە هەمان كاتيشدا شێوازی ئەدەبيی نووسينەكەش لە ئاستێكی ئەوتۆدا نييە كە تەواو مافی ڕەسەنايەتيی ئەو زاراوەيە بدات.

كێشەيەكی تری بواری ڕۆژنامەوانی، جيانەكردنەوەی زمانی نووسين و قسەكردنە. زمانی ڕاگەياندن لە هەموو

وڵاتانی پێشکەوتوودا ڕێچکەیەکی تایبەتی خۆی گرتووە، ستانداردێکی ڕێکوپێک هەیە کاری لەسەر دەکەن، بۆ نموونە، کاتێک کە سەیری (جیرمی پارکینسن) پێشکەشکاری بەرنامەی نیوز تونایت یاخود (جۆنەسن ڕۆز)ی پێشکەشکاری بەرنامەی فیلم ٢٠٠٦ لە کەناڵی بی بی سی دەکەیت، دەبینیت لەگەڵ ئەوەی کە وەکو کەسایەتی زۆر بەرزن و خاوەن کەشکۆڵێکی زانیاریی ڕێکوپێکن، بەڵام لەگەڵ ئەوەدا زۆر سادەن و ئەو زمانەی کە بە کاری دەهێنن زمانی سەر جادە نییە و زمانی سەر کاغەزیش نییە، بەڵکو زمانی ڕاگەیاندنە کە ئاوێتەبوون و کارلێکی نێوان جەماوەر و پەیامبەر ساناتر دەکات. ئەمە بەپێچەوانەوە کە کاتێک یەکێک لە برادەرانی کەناڵەکانی کوردسات یان کوردستان تیڤی بەرنامەیەک پێشکەش دەکات کە سەرەڕای ئەوەی زانیاریی گشتی لە بابەتەکاندا نییە، بەڵکو زانیاریی تایبەت بە بەرنامەکەی خۆیشی نییە. نموونەش زۆرن لەم بارەیەوە. کاکی پێشکەشکار، بەرنامەی ناساندنی هونەرمەندان پێشکەش دەکات بەڵام فڕی بەسەر هونەر و ئەدەبەوە نییە، بۆیە گرنگیی زمان لێرەدا لە ڕوویەکی ترەوە دێتە پێش، کە ئەگەر کەسێکی ڕۆژنامەوانیت؟ دەبێت زمانڕەوان بیت و شارەزا بیت لە چەند زمانێکی بنەڕەتیی تردا و خاوەنی کەشکۆڵێکی دەوڵەمەند لە زانیاری بێت.

لە ٢٩ / ٠٦ /٢٠٠٦، لە کەناڵی کوردساتدا بەرنامەیەکم بینی، کاکی پێشکەشکار بە کوردیی سۆرانی قسەی دەکرد و جاربەجارش بە کرمانجی هەندێک جاریش وشەی عەرەبی لەگەڵیدا، هونەرمەندەکەیش بە زمانی کرمانجیی سەروو، ئەوەی کە جێگای باسکردن بوو وەکو خاڵێکی لاواز، کەسیان بە باشی لە کەسیان حاڵی نەدەبوون! ئەمە پێشبینی بکە کە هەزارەها کەس لە دەرەوە و ناوەوەی کوردستان تەماشای دەکات!!

ئەمە تەنیا بەرپرسیارێتیی کەسی پێشکەشکار نییە، بەڵکو حیزبی خاوەن دەسەڵاتی ڕەهای ڕاگەیاندن بەرپرسیاری یەکەمە، کە تەنها بیر لە بەرژەوەندیی تایبەت و تەسکی خۆی و بازنە دیاریکراوەکە دەکاتەوە کە لەچوارچێوە و ئایدیۆلۆژیای هەڵچنیوی حیزبایەتی دەرناچێت و دەرچوونیشی ستەمە. جا بۆیە لێرەوە دەورێکی تری خراپ دێتە پێش کە ئەویش کەمکردنەوەی ڕۆشنبیران و زمانزانانە کە ناتوانن لە هەمان کاتیشدا بێدەنگ و دەبەنگ بن. هەروەکو مامۆستا سەباحی غالب، کاتێک باسی ڕاگەیاندنە کوریییەکان دەکات، دەڵێت: «جگە لەوەی کە پڕۆگرامەکانیان پەلە و هەڵەشەیی و نەشارەزایی پێوە دیارە، زمانەکانیشیان، زمانی کوردیی پەتی بۆ دواوە دەبەنەوە، لە گەلێک جاردا مایەی کەسەری دڵ و دەروون تێکشکان و بڵاوکردنەوەی قسەی بازاڕیی و هەرزەکاریین، هەواڵەکانیش سەرجەم هەواڵی نەمرکردنی «حیزب» و سەرکردەکانیانن و منەتکردنە بەسەر کۆمەڵانی خەڵکی کوردستاندا. کارێک بەو شێوەیە بەڕێوە بچێت، چۆن دەکرێت چاوەڕوان بکرێت ڕووناکبیر لێی بێدەنگ بێت و چۆن دەگونجێت ڕووناکبیر ببێتە ئامرازی ئاوڕدانەوە لە حیزب و لانەکردنەوە لە جەماوەری ڕەش و ڕووت».

ئەوەی کە لێرەدا زۆر پێویستە بۆ سەپاندنی زمانی کوردی نییە بەسەر زمانێکی تردا، بەڵکو بۆ هێنانەوەی ئەو لێکترازانەیە کە بەدرێژایی سەدەها ساڵ بەردەوامە لە زمانی کوردیدا، کە هەوڵی ڕاستەقینەی کوردمەردانەی دەوێت، ئەمەش بێگومان پێویستی بە چەند هەنگاو و کارێکی بەردەوامییە کە ئەمانەی لای خوارەوە هەندێک کاری سەرەتایین بۆ ئەو مەبەستە:

١- دامەزراندنی گرووپێک لە پسپۆڕانی زمانی کوردی لە سەرجەم دیالێکتە جیاوازەکان بە هاوکاریی لەگەڵ پسپۆڕی زمانە پێشکەوتووەکانی دنیا وەکو ئینگلیزی یا لاتینی...، بۆ پیاداچوونەوە و دیاریکردنی خاڵە لاوازەکان و خاڵە هاندەرەکان بۆ دیاریکردنی مەودای هێڵێکی دروست و یەکگرتووی زمانی کوردی.

٢- لەسایەی سەری شەهیدانەوە ئەوا کورد خاوەنی حکوومەتی ناوەندیی خۆیەتی، هیواداریین کە وەزارەتی پەروەردەی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بتوانێت لە ڕێگەی بەرنامە و پڕۆگرامەکانی خوێندنەوە کار بۆ دروستیی زمان بکات و ئاست و شێوازەکانی بەکارهێنانی زمانی کوردی بەرەو ئاستێکی شیاو بەرێت، بنەما سەرەکییەکانی ڕێزمانی کوردی لە قۆناغێکی شیاوی خوێندنەوە بخرێنە ناو پڕۆگرامی خوێندنەوە.

٣- پرۆسەی پەتیکردنی زمانی کوردی ماوەی زۆری دەوێت، لێرەدا دەبێت لە وەچەی ئێستاوە دەست پێ بکرێت کە ئەمەش پێویستی بە یارمەتی و هاوکاریی زۆر لایەن هەیە لەوانەش، خێزان، خوێندنگا، دەستگاکانی ڕاگەیاندن.

٤- لە بەشێکی تردا، وەزارەتی ڕاگەیاندن یا کولتوور پێویستە لێژنەیەک لە پسپۆڕانی زمان و میدیا و کۆمەڵناسی پێک بهێنێت بۆ هەڵسەنگاندنی توانای ئەو کەسانەی کە دەیانەوێت لە کەناڵەکانی ڕاگەیاندندا کار بکەن، لە هەمووی گرنگتر بوونی توانایەکی باشی زمانەوانییە.

٥- هەوڵ بدرێت، لە ڕێگەی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانەوە، هانی گۆڤار و ڕۆژنامە کوردییەکان بدرێت گرنگی بدەن بە زمانی کوردی و شێوازی نووسین و بڵاوکردنەوە و نووسین بە دیالێکتە جیاوازەکان.

٦- دواتر بەرپرسیارێتیی خودی ڕۆژنامە و گۆڤارەکان خۆیان، کە سانسۆرێک یا فلتەرێکی زمانەوانی و واتایی پوخت دابنێن کە پێش بڵاوکردنەوەی بابەتەکان هەڵسەنگاندنێکی لەباری بۆ بکەن ئەمجا بڵاوی بکەنەوە.

لە سەرووی هەموو ئەو خاڵە ئاماژە پێکراوانەشەوە، هەستکردن بە لێپرسراوێتی بەرامبەر بە کۆمەڵگا و میللەت و پێکهاتە شارستانییەکانی میللەت، لایەنێکی تری گرنگە کە ڕوحی بەرزی نەتەوایەتی و هۆشیاریی نەتەوایەتی و خۆشەویستی بۆ خاک دوو فاکتەری تری پاڵنەری بەرەوپێشبردنی زمانی ڕۆژنامەوانیی کوردین.

## سەرچاوەکان


١- دیوانی خانی

٢- دیوانی نالی

٣- د. ڕەشاد میران، سەرەتایەک بۆ ئەتنۆگرافیا، بەشی کۆمەڵناسی، کۆلیژی ئەدەبیات، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر،١٩٩٥.

٤- د. بدرخان السندی، المجتمع الكردی في المنظور الاستشراقي، مطبعة ئاراس، هەولير، ٢٠٠٢.

٥- جەبار محمد جەباری، مێژووی ڕۆژنامەگەری کوردی، بەغداد، ١٩٦٩.

٦- د. عەبدوڵا پەشێو، چەند سەرنجێکی سەرپێی دەربارەی میدیا و زمان، گۆڤاری باسکار، ژمارە(٥)، چاپی لەندەن، ٢٠٠٠.

٧- سەباحی غالب، ڕووناکبیر و دەسەڵات، تێڕوانینێکی گشتی، گۆڤاری باسکار، ژمارە(٦)، چاپی لەندەن، مانگی ٥ ی ساڵی ٢٠٠١.

٨- هەڵەت هەمەوەندی، چەرمۆ لانکەی شارستانییە لە جیهاندا، بەشی کۆمەڵناسی، کۆلێژی ئەدەبیات، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر، ١٩٩٩.

٩- کەناڵی کوردسات، ٠٦/٢٩/ ٢٠٠٦

# «ساینس فیکشن»ێکی ناوازەی خۆماڵی

**د. هەژار مەعرووف**

ئەڵمانیا Westfalen-Gronau

بەختیار عەلی چوارەمین ڕۆمانی ٦٢٥ لاپەڕەیی خۆی بە ناوی «شاری موسیقارە سپییەکان» بڵاوکردەوە. ئەو وەک ڕۆماننووسێک سەرنجی منی بەلای خۆدا ڕاکێشا کاتێک کە من ڕۆمانی دووەمیم «ئێوارەی پەروانە» و ڕۆمانی سێیەمیم «دواهەمین هەناری دونیا» خوێندەوە. دەتوانم بڵێم ڕۆمانی یەکەمی «مەرگی تاقانەی دوهەم» وەک ئەو ساوا تازە لەدایکبووە بوو کە نەیتوانی ئەوەی دەیەوێت بە زمانێکی ڕوون و پاراو دەریببڕێت. بەڵام لە «شاری موسیقارە سپییەکان»دا بەختیار عەلی ئیتر بووە بەو هەرزەکارە پڕوزەیەی وەک تاڤگەیەکی بەجۆش و خرۆش، وەک ئەسپەشێیەکی هەرگیز ڕامنەکراو داو و دیوار و لەمپەرە نەریتی و کلاسیکەکان یەک لەدوای یەک و بێ ئاوڕدانەوەی ترس و سڵکردن تێکوپێک دەدات و مل دەنێت، هەر ملدەنێت، بابزانین لە ڕۆمانەکانی داهاتوویدا سەر بەکوێوە دەنێت! هەرگیز دەگاتە مەنزڵ؟ ئەو مەنزڵی هەیە؟ بەختیار لە «شاری موسیقارە سپییەکان»دا وەک حیکایەتخوانێکی نەفەسدرێژ تاووتوێیەکی ئەدەبییانەی بەرزی دیرۆکی پتر لە ٣٠ساڵی حوکمی دیکتاتۆری و میلیتاریستی و شۆڤێنیی دەوڵەتی مەرکەزیی عەرەبی عێراق دەکات، بەتایبەتی لە پەیوەند بە ڕەوشی کوردی عیراق لەژێر ئەو حوکمەدا. شوێنی ڕووداوەکان لە فرۆکەخانەی ئەمستردامەوە دەست پێدەکات و خوێنەر تێدەپەڕێنێت بە سروشتی وێرانکراوی کوردستان و زەلکاوەکانی شیعەنشینی باشووری عێراق، بە مەیدانەکانی جەنگ، بە گۆڕەبەکۆمەڵکانی کورد لە بیابانەکان، بە شاری خەیاڵیی سۆزانییە غەمگینەکان و تاقە دوکتۆر «موسابابەک»ی ئەو شارە ، بەو ژێرخانانەی لە بەغداد کە فایلی دەیان هەزار بێسەروشوێنی تیا



د. هەژار مەعرووف

کەڵەکە کراوە و «دالیای سیراجەدین»، ئەو ژنە کوردەی بۆ ڕزگارکردنی ژیانی دەسگیرانە عەرەبەکەی «باسمی جەزائیری» هێندە سەری کردووە بە دەسگاکانی ئاسایش و هەواڵگریدا کە ئیتر وردە وردە ناچار کراوە جەستەی خۆی بفرۆشێت، لە بەرانبەر پێدانی فایلەکەی «باسم» ناچار دەکرێت وەک مردوویەکی بێنوزە و بێگیان لەگەڵ ئەفسەری پاسەوانی شوێنەکە بخەوێت. بەختیار ڕۆح دەکاتە بەر فایلە تۆزلێنیشتووەکان و ناسنامەی خۆیان دەداتێ و دەیانهێنێتە قسەوباس، بەڵام چ قسەوباسێکی دڵ و دەروونهەژێن! کاتێک پاڵەوانە سەرەکییەکەی مێردمناڵ «جەلادەتی کۆتر» لەگەڵ هاوڕێی مۆسیقاری «سەرهەنگ قاسم» و مامۆستای مۆسیقای هەردووکیان «ئیسحاقی لێوزێڕین» بە ناوچە قەدەغەکراوەکانی کوردستاندا بە فلووت لێدانەوە جەولە دەکەن و دەیانەوێت بە خۆشی و سازگاریی مۆسیقا سیحراوییەکەیان سروشتی وێرانکراو و لە مرۆڤ تۆراو لەگەڵ مرۆڤی بە گورگ

بوو ئاشت بکەنەوە، بە ساز و سۆزی مۆسیقایەکی جاویدانی فوارەی خوێنی سەر سینگی پێشمەرگەیەک دەوەستێنن و لە مردن ڕزگاری دەکەن. کاتێک سێقۆڵی بە بەلەمەکۆنێک لە زێیەک دەپەڕنەوە باڵدار و پەلەورەکان دێنە زمان کە مەترسی لە ئارادایە، سوودی نابێت، دەکەونە کەمینەوە و دەگیرێن. «جەلادەتی کۆتر» لەناو دەیان هەزار گوللەبارانکراو و زیندەبەچاڵکراودا لە لایەن «نەقیب سامیری بابلی»وە کە لە ڕێگا گوێی لە فلووتەکەی جەلادەت بووە ڕزگار دەکرێت و وەک شایەتێکی دواڕۆژ بۆ ئەوەی لە گرتنەوە و کوژران دەرباز بێت دەکرێتە کوڕی پووری دالیا و ناچا دەبێت کە ببێتە زوڕناژەنی یەکێک لە تیاترۆخانەکانی شاری سۆزانییەکانی بیابان بە ناوی «پرتەقاڵی سپی» کە دالیاش وەک تیاترۆ کاری تیا دەکات، «شاری ڕێبوارە غەمگینەکان، شاری تەپوتۆزی هەمیشەیی، شاری ئەو مراوییانەی خواستێکی قووڵی هەڵاتن لە زۆنگاوەکانی باشوور بەرەو ئەوێی دەهێنان». جەلادەت بۆ ئەوەی بە هۆی مۆسیقا نایابەکەیەوە ئاشکرا نەبێت، دەبێت وانەی لەبیرچوونەوەی مۆسیقای ڕەسەنی پێ بوترێت. نەقیب سامیر لە ڕاپەڕینی شیعەکانی بەهاری ١٩٩١دا لە سەدام هەڵدەگەڕێتەوە و دژی دەجەنگێت. جەلادەت و نەقیب سامیر و دالیا دوای ئەوەی ڕاپەڕین و شکانی شیعەکان دەبینن خۆیان دەگەیەننەوە کوردستان، قوربانی و تاوانکار «جەلادەت و سامیر» لەژێر یەک ڕەشماڵی ئاوارەییدا، دواتر لە ژووری ئوتێلەسووتاوێک لە شارێکی کوردستان پێکەوە دەژین. ڕۆژێک بەشێکی ئۆردووگاکە لەخۆڕا دەکەوێتە فڕین... نەقیب سامیری پەشیمان بۆ خۆی ڕێگای دادگاییکردنی خۆی لەلایەن ١٢ کەس لە قوربانییە کوردەکانی، کە

جەلادەت بە ئەسپێکی ئەفسانەیی لە سەرتاسەری کوردستان دەیاندۆزێتەوە، خۆش دەکات و بە ناڕازیبوونی جەلادەت کە خۆی دادگاییەکەی ڕێکخستووە لەلایەن هەندێ لە قوربانییەکانەوە بە حەقی خۆی دەگات. جەلادەت بەهۆی ئەوەی کە پێشتر نەقیب سامیر نەخشەی گۆڕەبەکۆمەڵەکانی داوەتێ دەکەوێتە داوی مافیای سیاسیی پارتییە دەسەڵاتدارەکانی کوردستان و تووشی زیندانی و گەلەک ئەشکەنجەی دەستیان دەبێت، لە کاتی هەڵگیرسانی شەڕی براکوژیدا وەک تۆپی پێ لە لایەن مافیای حیزبە شەڕکەرەکانەوە شەقشەقێنی پێدەکەن. جەلادەت، دوای ئەوەی لەژێر ئەشکەنجەیان نەخشەی گۆڕەبەکۆمەڵکانیان کە لەژێر چاڵێکدا شاردبوویەوە بۆ دەردەهێنێت، بۆ ئەوەی ئەم نهێنییە گەورە و بەبەهایە بڵاو نەبێتەوە بە چوارمێخ دایدەکوتن بە دارمازوویەکەوە و ئاگر لە پووشی دەوروبەری دارمازوەکە بەر دەدەن. جەلادەت دەبێتە قەقنەس و زیندوو دەبێتەوە و لەلایەن «شاروخی شاروخەوە» دەربرێت بۆ شاری مۆسیقا سپییەکان. لێرەوە کە دڵرەقی و تاوان و نەمانی هەموو بەها بەنرخ و جوانەکان دەگەنە بنینەوەی تاریکستانی بوون و هەبوونی تاک و کۆمەڵی ئینسان ئیتر ڕۆمانەکە شێوەیەکی خەیاڵی و فەنتازیای ڕند و ڕەنگاوڕەنگ وەردەگرێت. پەیامی بەختیار لەم ڕۆمانەدا پەیامی مرۆڤدۆستی، داد، ڕاستی، گەڕانەوە بۆ سروشت و مافی مرۆڤ و پەیامی جوانی و پاکی و نەمری و پەیامی هونەر و مۆسیقای ڕۆحهەژێن و برایەتی و دۆستایەتیی گەلانە. زمانی بەختیار لەم ڕۆمانەدا زمانێکی شیعریی جوان و بەپێزە و پاراوە، وشەسازی لە زماندا کردووە، زمانێکە لێوانلێوە لە سەدان وێنە و دیمەنی سەیر سەیر، وشەئارایی جوان جوان: «شاری ئاوێنەکان»، «هەندێجار لە ڕەشەباکاندا دەوەستام و دەفتەرێکی وێڵم دەبینی با لەدورەوە دەیهێنا و من دەمگرتەوە»، «شێوەی نوسینی من وەک ئەوەبو ڕەشەبا یاریی بە حەرفەکان کردبێت»، «هاژەی بێدەنگی» ، «مۆسیقای خەوتو»، «دەرگای ڕۆح»، « هەناسەی شەو لەناو کوچەکاندا»، «ئۆقیانوسی هاوار». هەزاران وێنە و دیمەن لە واقیع و لە خەیاڵ، جوان، ئارامبەخش، ناشیرین، ترسناک، تۆقێنەر، قێزەون، ئێڵنجهێن

. بەختیار وەک خەڵکی سلەیمانی کە بە ڕەشەبا بەناوبانگە، ئەم دیاردە سروشتییەی ڕەشەبا و گەردەلوول گەلێک لە ڕۆمانەکەیدا گێڤڤەی دێت و گاڵە و هەرا دەکات. ئەگەرچی لایەنی خەم و جگەرخوێنییەکی قووڵ و بڵندی ئینسانی بەسەر ڕۆمانەکەدا زاڵە و لە دەیان شوێنی ڕۆمانەکەدا مرۆڤی کورد دێنێتە قوڵپی گریان، بەڵام لە هەندێ شوێنیشدا خوێنەر دەهێنێتە قاقای پێکەنین.

من دڵنیام ئەگەر کورد فلیمسازی بەتوانای هەبێت و حکوومەتی هەرێمی کوردستان پارەی پێویست خەرج بکات، ئەم ڕۆمانە کەرەسەی بەپیت و ڕێژەنی چەند فیلمێکی میلۆدرامایی لەسەر کێشەی کورد تێد دەبێت. ئەگەر سیناریۆکەی بە دەسکارییەکی پسپۆڕانەوە بگۆڕدرێتە سەر زمانێکی جیهانی، لەوانەیە لە ئاستی ئەوەدا بێت لەلایەن ئەکتەرە ناودارەکانەوە لە هۆلیود فلیمی لێ بخولقێنرێت! دەسەڵاتدارانی پارە و سیاسەتی کورد: ناڕەوایی دەکەن ئەگەر ئەم ڕۆمانە بەهۆی باسکردنی برێک لە دیمەنەکانی شەڕی براکوژی سزا بدەن و مافی ڕەوای خۆی پێ نەدەن! بۆ نا؟ مەگەر بارزانی و تاڵەبانی هەردووکیان پێکەوە بۆ شەڕی براکوژی لە بەردەم دونیادا داوای لێبوردنیان لە خەڵکی کوردستان نەکرد؟ لە دنیای ئەمڕۆ هەم فیلمی سینەمایی و هەم فیلمی بەڵگەنامە ڕۆڵێکی گەلەک گرنگ دەبینن بۆ ناساندنی کێشەی گەلانی چەوساوە بە هەموو دنیا. وەزارەتی ڕۆشنبیریی کوردستان ئەوەی تائێستا لەم بوارەدا کردویەتی تنۆکی ئاوە لەسەر تاشەبەردی داخ و تاوسەندو. بەڵام تۆ بڵێیت وەزیری ڕۆشنبیری و یاوەر و ڕاوێژکارە زۆروزەوەندەکانی کەمن لەم دوورەوڵاتەوە نازانم خەریکی چین!! ئەم ڕۆمانە نایابەیان خوێندبێتەوە؟ ئەز چیرۆکەکانی غەسان کەنفانی: «رجال تحت الشمس» و ڕۆمانەکانی کافکا: «کۆشک، موحاکەمە» و گونتەر گراس: « تەپڵە تەنەکە» و گارسیا مارکیز و یەشار کەمال: «حەمە و هەڵۆکەی « بە ئەڵمانی Mehmet und die Falke و هێرمان هێسە: «سیدارتا» و ڤیکتۆر هیگۆ «بێنەوایان» و ماکسیم گۆرکی «دایک» و جەنگیز ئایتماتوڤ و حەسەنی قزڵجی: «هێلکەی هادیخانی» و حسەین عارف: «چاڵی جەرگی پیرێژن» و فازیل کەریم: «ڕاوەماسیی» و حەمە فەریق حەسەن: «دووربین» و ئیبراهیم ئەحمەد: «ژانی گەل» و گەلێکی تر لە ئەدەبی کوردی و جیهانیم بە دڵ خوێندۆتەوە، «شاری موسیقارە سپییەکان» و «دواهەمین هەناری دونیا» و «ئێوارەی پەروانە»ی بەختیار عەلی لە ئاستی ئەو چیرۆک و ڕۆمانە جیهانیانەدان! کوا ئاوڕدانەوەی کۆمەڵگای ڕۆشنبیریی کوردی لەم ٣ ڕۆمانە؟ بۆ بەلای کەمەوە نەگۆڕدراونەتە سەر زمانەکانی عەرەبی و تورکی و فارسی؟ پێموایە «ئێوارەی پەروانە» لە لایەن عەلی ئەشرەف دەروێشیانی نووسەری کوردی کرماشانییەوە کراوەتە فارسی!

من لە کاتی خوێندنەوەی «شاری موسیقارە سپییەکان» تەنیا لەو شوێنانەدا تووشی جۆرە جاڕسی و کەمتەرکیزی دەبووم کە بەختیار عەلی ڕامان و تێفکرین و پرسیارە فەلسەفی و فیکرییەکان دووبارە و چەندبارە دەکاتەوە، ڕۆمان کەمتر پێویستی بە بیر و فەلسەفە هەیە، ڕۆمانی سەرکەوتوو پێویستیی حەیاتی بە وێنە و دیمەن و ڕووداوە، کە ئەمانە دەبێت خوێنەر ئەوەندە لەناخەوە بهەژێنن کە خۆی بۆ خۆی بیر و فەلسەفە لە ڕۆمانەکە هەڵێنجێنێت. هیڤیدارم کاک بەختیار قەڵەمەکەی هەر بەبرشت بێت. کێشەی کورد و کێشەی مرۆڤی کورد و ژان و ئازارەکانی سەدان ڕۆمانی تری وای تێدا دەبیت، بەسەرهاتی ئاوارەیی و ڕێی ئاوارەیی «یۆنان، تورکیا» تا گەیشتن بە وڵاتی مەبەست و سەدان بابەتی بۆ ڕۆمان بەپێزی تری ئەم نەتەوە ژێردەستەیە هێشتا بە خامی ماونەتەوە، کولتووری گێڕانەوەی دەماودەم ڕاگوزەرە و باوی نەماوە و لە بیر دەچێت، بەداخەوە نەتەوەی کورد زۆربەی هەرەزۆری بەسەرهات و ڕووداوەکانی فەوتان و لە بیر چوون، چونکە نەنووسران. سەردەم سەردەمی نووسین و یاداشتی سەربردە و ڕووداوەکانە، هەر مرۆڤێکی کوردی لە ٥٠ ساڵی ڕابوردوودا ژیا و گەنجینەیەک لە بەسەرهات و ڕووداو تیادا وەنەوز دەدات، با هەریەک لە ئێمە دەست بدەینە پێنووسەکانمان، ئێمەی کورد دەتوانین دیاریی ڕند و نایاب پێشکەش بە مرۆڤایەتی بکەین، مرۆڤایەتیش لەم ساڵانەی دواییدا برێک بە هانامانەوە هاتووە!!

٢٠٠٦/٧/٣٠

# رانانی کتێب

مەڵبەند

## فەرهەنگی کوردی ـ ئەڵمانی




فەرهەنگی کوردی ــ ئەڵمانی، ئەو شاکارەیە کە دوکتۆر فریاد فازیل عومەر، بە شێوازێکی زانستی لە ساڵی ١٩٨٢ەوە خەریکی ئامادەکردنیەتی.

د. فریاد فازیل عومەر، ئەم کارەی لە چوارچێوەی پرۆژەیەکی فەرهەنگیی فرەلایەنە دەست پێکردووە، پێکهاتوون لە چوار فەرهەنگ، کە سێ دانەیان فەرهەنگی دووزمانین. یەکەمیان: فەرهەنگی کوردی ـ ئەڵمانی (کورمانجی) بوو کە ٣٥ هەزار وشەی لە خۆ گرتووە.

کاری دووەم: ئەم شاکارەیە کە پتر لە ٦٠ هەزار وشە و ڕستە، ئیدیۆم، پەندی پێشینان و نموونەی ئەدەبی لە خۆ گرتووە.

*... فەرهەنگەکە هەوڵی جدی داوە کە یەکێ لە کێشە گەورەکانی زمانی کوردی چارەسەر بکات، کە ئەویش ساغکردنەوەی ئەلفوبێی زمانی کوردییە...*

د. فریاد فازیل، لە سەرەتای شاکارەکەیدا، وەکو هەموو زمانزانێکی کورد پێی وایە کە ئیتر ڕۆژی ئەوە هاتووە کە لەسەر ئاستی دابەشکردن و ناونانی دیالێکتەکانیش یەکگرتوو بین. ئەو دەڵێ دەبێ: «زانکارانی کورد لەسەر جۆری دابەشکردنی دیالێکتەکانی زمانی کوردی ڕێک بکەون و سنوورێک بۆ ئەو پاشاگەردانییە دابنێن.»

د. فریاد، لەسەرەتاکەیدا، پێی وایە کە بەپێی بۆچوونی زانستی، دیالێکتەکان بەگشتی دەکرێن بە سێ بەشەوە: کوردیی باکوور (کورمانجی)، کوردیی ناوەڕاست (سۆرانی) و کوردیی باشوور.

لەوە زیاتریش ڕۆ دەچێت و دەڵێت: «دیالێکتی کوردیی ناوەڕاست کە بە سۆرانی ناو دەبرێ، بریتییە لە بێچووە دیالێکتەکانی ــ سلێمانی، موکری، سۆرانی و سنەیی»

ئەم دیالێکتە، کە د. فازیک ئەو هەموو ساڵە خۆی پێوە ماندوو کردووە، کوردیی ناوەڕاست، لە سەرەتای سەدەی نۆزدەیەم بەدواوە، لەسەر دەستی نالی، کوردی و سالمدا و لەژێر سێبەری میرنشینی بابانەکاندا پەلی هاویشتوە و بووە بە زمانی ئەدەبیی ناوچەکە.

د. فریاد فازیل، بۆ نووسینی ئەم فەرهەنگ سوودی لەم سەرچاوانە وەرگرتووە:

ــ بەرهەمی ئەدەبی نووسراوی دوو سەدە، بەتایبەت ٨٠ ساڵی ڕابردوو.

ـ زمانی گفتوگۆی ڕۆژانەی خەڵک.

شایانی باسە د. فریاد هەر لە سەرەتای فەرهەنگەکەیدا هەوڵی جدی داوە کە یەکێ لە کێشە گەورەکانی زمانی کوردی چارەسەر بکات، کە ئەویش ساغکردنەوەی ئەلفوبێی زمانی کوردییە. لیستێکی زۆر سەرکەوتووی ئەلفوبێی کوردی لە سەرەتا ئەڵمانییەکدا بڵاو کردۆتەوە، کە من پێم وایە ئەو لیست و ڕوونکردنەوەیەی لیستەکە یارمەتییەکی زۆرمان دەدات لە چارەسەرکردنی ئەم کێشەیەدا.

د. فەریاد فازیل عومەر: فەرهەنگی کوردی ـ ئەڵمانی (کوردیی ناوەڕاست/ سۆرانی)، ئینستیتووی خوێندنی کوردی ـ بەرلین، بەرلین، ٢٠٠٥، جگە لە پێشەکییە کوردی و ئەڵمانییەکان، فەرهەنگەکە ١١٤٤ لاپەڕەیە.

## ئەفسانەی کەلی ناوگردان




ئەفسانەی کەلی ناوگردان، چیرۆکێکی ئەفسانەیی خاتوو گەلاوێژخانە کە بۆ مێردمنداڵانی نووسیوە.

چیرۆکەکە هەرچەندە ئەفسانەییە، بەڵام خاتوو گەلاوێژ لەم کارەیدا مەبەستی ڕاوێژکردنی مێرمنداڵانی کوردە، باسی دوو خێزانی جیرانی یەکتر، دوو کەسی لەیەکنەچووی گوندێکی ئەفسانەیی کوردستان دەکات.

باسی خوورەوشتی باشی شاخەوان و چەپەڵیی گوروون ئاغا دەکات.

خاتوو گەلاوێژ، وەکو لە لاپەڕە ٩٤ی چیرۆکەکەیدا بە منداڵان دەڵێت: «کە ڕاستی و پاکی گەورەترین سەرمایەی مرۆڤە و هەر ئەوانەشە کە مرۆڤ سەربەز ڕادەگرن، نە پارەی زۆر و نە سامانی بێ ئەندازە نە دەسەڵات و نە لەشکر و چەتە و ڕێگری و نە ترس و هەڕەشە و گوڕەشە، توانی بەرامبەر هەژار و لێقەوماو و بێدەسەڵات و ڕاستی و پاکی و هەستی ناو دەروونیان بوەستێت و سەریان پێدانەوێنێت.»

هەڵبەتە لێرەدا باس لەو گوندییانەیە کە هاوڕێ و دۆستی شاخەوانی دەروونپاکن.

لەم کورتەڕانانەدا ناکرێت باسی گشتی

چیرۆکە ئەفسانەیەکە بکەین، بەڵام درامائەفسانەییەکەی گەلاوێژ خان، ئەو حەقیقەتە مێژووییە دەردەخات، کە سەرکەوتن هەمیشە لە تای تەرازووی ڕاستی و پاکییە. بۆیە نووسەری چیرۆکەکە دەرگای کۆتایی بەو گەشبینییەوە دادەخات کە دەڵێت:

«ئەم چیرۆکە بۆمان دەرئەخات کە ئەبێت مرۆڤ هەر باش بێت و کاری ڕاست و بێ پێچ و پەنا بکات و خاک و میللەتەکەی لە هەموو شتێکی خۆی خۆشتر بوێت و دەستی یارمەتی درێژ بکات بەپێی توانای، بۆ هەژار و لێقەوماو و بۆ ئەوەی لە ژیانیدا هەمیشە خۆشەویت و سەربلند بێت و بۆ کوێ ڕۆیشت پەنجەی بۆ درێژ بکرێت و بگوترێت یاخوا مرۆڤی وا هەر بژی و هەر خۆش بێت.»

چیرۆکی ئەفسانەی کەلی ناوگردان، چیرۆکێکی پڕ سوود و پەند و ئامۆژگاری و پڕ درامای سەیرە بۆ مێرمنداڵانی کورد.

شایانی باسە، بە بەرهەمەکانی ڕۆمانی بەرەو ئەشکەوتی دلێران، ڕۆمانی دایک و کوڕ، ڕۆمانی بووکی ئاتەخان و... هتد. ئەمە سیانزەیەمین بەرهەمی خاتوو گەلاوێژخانە.

ئەفسانەی کەلی ناوگردان، نووسینی گەلاوێژ، سلێمانی، ساڵی ٢٠٠٠

## چیمەن...
## ئاواییەکی نوێ لە کوردستان




کتێبێکی ئەندازیاری نوێی ڕاوێژکاری ئارکیتێکتی کاک جەبار مستەفایە لە بواری فراوانکردنەوەی پرۆسەی بیناسازی لە باشووری کوردستاندا. ئەم جۆرە کتێبە، جگە لەوەی زۆر پێویست و گرنگە، تاقیکردنەوەیەکی نوێشە، بۆ سەرجەمی ئەندازیارانی کوردستان.

ئەمڕۆکە، لە کوردستاندا، هێشتا هەر فراوانکردنەوەی هەڕەمەکی و دوور لە پلانی درێژخایەنی نەشونما و فراوانبوونەوەی شار و شارۆچکە و ئاواییەکان، باو و بڵاوە. بەڵام کاک جەبار هاتووە، وەکو ڕەچەشکێنێک، بە شێوازێکی زانستییانە، بە کوردییەکی زۆر سادە و ساکار، بە کۆمەڵێ نەخشەسازی و وێنەوە، بە هەموو کوردێک دەڵێت کە بیناکردنی نوێ خۆی لە خۆیدا شتێکی گرنگ نییە، لەوە گرنگتر نەخشەدانانی درێژخایەنە بۆ ئەم جۆرە پرۆژە و پلانە گشتییانە.

ئەم نووسراوەیە، لەسەرەتادا، لێکۆڵینەوەیەک بوو لەلایەن کاک جەبارەوە بە کۆلیژی ئەرکیتیکتۆری شاری تورینۆی ئیتالیا پێشکەش کرابوو، بەڵام مامۆستا جەبار لەپاش دامەزراندنی لە کۆلیژی ئەندازیاریی سلێمانی، پاشان لە کەرکووک، زیاتر ڕۆچووە ناو باسەکەوە و زۆر بە شێوازێکی سادەی زانستییانە پرۆژەکەی کردە ئەم کتێبەی لە بەر دەستدایە.

مامۆستا جەبار باغەوان، دیراسەکەی کە بەگشتی سەبارەت بە پرۆژەیەکی نیشتەجێی ناوچەی ((چیمەن))ی نزیک شاری کەرکوکە، کردۆتە سەرەتایەک و چوار بەش:

لە سەرەتاکەیدا، باسی مافی نیشتەجێبوونی مرۆڤی کردووە، نەخشەی کوردستان و کەرکووک و چیمەنی تۆمار کردووە.

لە بەشی یەکەمدا: خۆی داوە لەم تەوەرانە:

ـ پەیدابوونی ژیانی شارستانیەت لە کوردستاندا.

ـ گوندی کوردەواری، خانووی ترادیشیۆنی کوردی.

ـ خانوو لە کوێستان و خانوو لە ناوچەکانی گەرمیان.

پرۆژەی چیمەن و قەبارەی پرۆژە و... هتد

لە بەشی دووەمدا، مامۆستا جەبار، باسی شوێنی پرۆژەکە، قەبارەی ئاواییەکە، شێوەی خانووەکانی، نەخشەی گشتیی ئاواییەکە و شەقام و شۆستە و پارک، یاریگا و شوێنی خزمەتگوزارییەکان و شوێنی تەندروستی و دوکان و بازاڕی ناو پرۆژەکەی کردووە.

لە بەشی سێیەمدا: هاتۆتە سەر باسی شێواز و کەرەستەکانی بیناسازی لە پرۆژەکەدا.

لە بەشی چوارەمدا: نەخشە و پلانەکانی خانووەکانی باس کردووە کە چ وەکو قەبارە و چ وەکو شێواز حەوت جۆرە خانوون.

ئێمە دەستخۆشی لەو خەڵکە پسپۆڕانەمان دەکەین کە جگە لەو جوغزەی تێیدا پسپۆڕن، هەمیشە لە هەوڵی ئەوەشدان کە خەڵکانی تریش لەو پسپۆڕی و شارەزاییە بەدەگمەنی خۆیان تێبگەیەنن.

چیمەن: ئاواییەکی نوێ لە کوردستان، نووسینی عەبدولجەبار مستە باغەوان، چاپخانەی شەهید ئازاد هەورامی، سلێمانی، ٢٠٠٦، ١٤٨لاپەڕە.

## کتێبی منداڵان
## بە زمانی کوردی و ئینگلیزی




بنکەیەکی چاپەمەنی لە بریتانیا کە ماوەی چەند ساڵێکە دامەزراوە، کتێبی چیرۆک و حیکایەتی منداڵان بە شێوەیەکی دوو زمانی چاپ و بڵاو دەکاتەوە. هەموو لاپەڕەیەکی کتێبەکە بە زمانی ئینگلیزی و زمانێکی تر دەنووسرێت. ئەوەی وا پێی دەگوترێت «زمانی تر» واتە زمانی غەیرەئینگلیزی، بریتییە لە ٤٠ زمانی گەلانی جیهان لە فرەنسی و ئەڵمانی و ئیسپانییەوە بگرە تا عەرەبی و تورکی و فارسی و زمانی گەلانی ئەفریقا و ئاسیا.







... هەموو کتێبە کوردییەکان بە زاراوەی کرمانجیی خواروو و بـۆ تەمەنـی جیاجیای پێش قوتابخانە هەتا پۆلی شەشـەمی سەرەتایی ئامادە کراون...

ماوەیەکـە بنکـەی ناوبـراو زمانـی کوردیشـی خسـتۆتە نـاو لیسـتەی زمانەکانـەوە و تائێسـتا چەندین کتێبی بە کـوردی ـ ئینگلیزی چـاپ کردوون. کتێبەکان لە باری تەکنیکی و ڕازاوەییەوە لەوپەڕی جوانیدان و تائێسـتا کەمتر وا بـووە کـورد کتێبـی ڕازاوەی ئەوتۆی بۆ منـداڵان چـاپ کردبێـت. ناوەڕۆکی کتێبەکانیش بە هۆی ئەو ڕاسـتییەوە کە بە ٤٠ زمان بـڵاو دەکرێنەوە، ئەمڕۆیی و ڕێکوپێـک و دوور لە تەنگوچەڵەمەی لایەنی پەروەردەن، واتە دایک و باوکان دەتوانـن بەدڵنیاییـەوە بیانخەنـە بـەر دەستی منداڵەکانیان.

جگـە لـە کتێـب، بنکـەی ناوبـراو هەندی دیسـکی بـە زمانی کـوردی بۆ خەسـتەخانەکان ئامـادە کـردووە کـە یارمەتیی دوکتۆر و سستەرەکان دەدات لـە ڕێگەی ئەو دیسـکە تۆمارکراوانەوە بـە دەنگ و قسـە، وتوویـژ لەگەڵ ئەو ژنانـەدا بکەن کە بۆ منداڵبـوون دەچنە خەسـتەخانە بـەڵام زمانـی ئینگلیـزی نازانـن. هەروەهـا دیسـکێکی تـر بـۆ قوتابخانە سـەرەتاییەکان ئامادە کراوە بۆ ئەوەی بەرپرسانی قوتابخانە بتوانن لە ڕێگەی ئەو دیسـکەوە وتووێژ لەگەڵ ئـەو دایـک و باوکانە بکەن کـە زمانی ئینگلیزی نازانن، بەڵام دەیانەوێت ناوی منداڵەکەیان لە قوتابخانە بنووسن.

دیسکەکان بۆ کەڵکوەرگرتنی نەخۆشخانە و قوتابخانەکانە، بـەڵام کتێبەکان لەبەر دەسـتی خەڵکـدان و هەمـوو کەسـێک دەتوانێت بیانکڕێـت. نرخی کتێبەکان بە پارەی بریتانیـا ٧،٥ پاوەن یا کەمترە و لـە بـاری ڕازاوەیی و ڕەنـگ و چاپ و وێنەی نەخشینەوە، کەموێنەن.

ئەم تاقمـە کتێبانەی خـوارەوە لەلایەن ئەنوەری سوڵتانییەوە کراونەتە کوردی و بنکـەی ناوبراو بـڵاوی کردوونەتەوە یان بڵاویان دەکاتەوە:

- بە خێر بێیە جیهان، کۆرپەڵە!
- عەلی بابا و چل دزەکە
- ساهیر دەچێت بۆ ددانساز
- حیکایەتەکانی ڕێوی
- مریشکە قوڵەسوورە و دەنکی گەنم
- حیجاب
- هەنسڵ و گرێتڵ
- دیکشـنێری (قامووسـی منداڵـی بچووک) به شێوەی کتێب و دیسک
- مراویی وەرزێر
- تۆم و سۆفیا دەچن بۆ قوتابخانە
- ئێزیس و ئێزیریس

کتێبەکان بـۆ ئەوە دەبن کـە قوتابخانە کوردییەکانـی نـاو وڵاتانـی ئینگلیـزی زمـان کەڵکیان لـێ وەربگیرێت بۆ ئەوە یارمەتیی منداڵان بدەن وشـە و ڕسـتە کوردییـەکان لەگـەڵ وشـە و ڕسـتەی ئینگلیزیدا بەرانبەر دانێن و شتی لێ فێر بن. هەروەها لە ناوخۆی کوردسـتانیش دەتوانن یارمەتیی ئەو منداڵانە بدەن کە ئینگلیزی فێر دەبن.

هەمـوو کتێبە کوردییـەکان بە زاراوەی کرمانجیـی خـواروو و بـۆ تەمەنـی جیاجیـای پێـش قوتابخانە هەتـا پۆلی شەشەمی سەرەتایی ئامادە کراون.

بـۆ وەدەسـتهێنانی کتێبـەکان دەکرێت سـەیری سـایتی بنکـەی مانتـرا لینگوا Mantra Lingua لەم ئەدرەسە:
www.mantralingua.com

پێشـوازیکردن لـە کتێبـەکان دەبێتـە هانـدەری بنکـەی ناوبـراو بـۆ چاپ و بڵاوکردنـەوەی کتێبی زیاتر بە کوردی. بنکەکە زیاد لە ٥٠ یا ٦٠ کتێبی بە هەندێ زمان بڵاو کردۆتەوە.









# ڕێگا باریکەکان




ڕانانی: ڕەنجۆ هورمزیار

ڕێگا باریکـەکان، ئەو ڕێگایانە بوون کە هەڵسانەوەیەکی نوێیان لەناو میللەتێکدا بەرپـا کرد، کە کەوتبووە نشـێو و باڵی ڕەشی نائومێدییەوە.
ڕێگا باریکەکان، ئەو دەرووانە بوون، پڕ ترس وەکو شەوانی مەرگ، دوور وەکو گەیشتن بە قوولەی قافی ئەفسانە و پڕ ئاسۆ وەکو مسـۆگەریی هاتنی بەهاری دوای زوقم و سیخواری زستان.
ڕێگا باریکـەکان، ئەو ڕێگایانە بوون کە لـە وڵاتی زیندانی تـرس و تۆقاندا تەنیا کەڵەپیاو و میللەتویست و قارەمانانی وەکو ((ئـاوات قارەمانی)) دەیانتوانی و دەیانوێـرا پەی پێ ببـەن، پەیدای بکەن، پێیدا بـڕۆن، خوێنـی تێدا بڕێـژن، ببنە شەهیدی، سەریبخەن، بە نسکۆی بدەن و جارێکی تر سـەریبخەن و بیگەیەننە ڕۆژی مەرام؛ ڕۆژی سەرفرازی بەشێکی زۆری نەتـەوەی کـوردی باشـووری کوردستان.
ڕێگا باریکەکان، ئەو پانۆراما مێژووییەیە کـە ((ئـاوات قارەمانی))ی پێشـمەرگە، وەکـو ڕۆمانە یادداشـتێک بۆ مێژووی بزووتنـەوەی ڕزگاریخـوازی کـورد و بۆ دەرسـوەرگرتن لـە پەندەکانی و بۆ نـەوەی نوێـی کـوردی پـاش ڕاپەڕین نووسیویەتی.
ئەم پانۆرامایە، زۆر بە سانایییەکی پاکژ، بە ئاخاوتنێکی دوور لە سیاسـەت، بەو ڕسـتە سـاکارە ڕاستگۆیانەی ((ئاوات قارەمانی)) کە خۆی ڕۆژانە لەگەڵ هاوڕێ و کەسـوکار و خەڵکانی دەوروبەری بە کاریان دەهێنێت، پێشکەش کراوە.
بەکورتی، لـە ڕێگا باریکەکانـدا، ئاوات، سـەرکەوتووانە توانیویەتـی ڕەچـەی خۆی بگرێت، وشە و ڕستە و گێڕانەوەی خـۆی بـە کار بهێنێـت، لـە گێڕانەوەی ڕووداوەکانـدا کـە هـەر هەمووویـان خـۆی تێیانـدا بەشـداری کـردووە، بێ چاویلکـەی سیاسـەت، زۆر دڵپاکانـە، ڕاسـتگۆیانە، بەپێی ئاسـتی تێگەیشتنی خۆی، هەڵوێسـت، هەڵسـوکەوت، شەڕ و کوشـتار، پەیوەندیـی هاوڕێیانـە و پێشـبڕکێ و پاشقولەکانی دەوروبەری خۆی هێناوەتەوە سەر کاغەزەوە.
قارەمانی ئەوەندە ڕاسـتگۆیی نواندووە کـە لـە گێڕانەوەکانیـدا، هەنـدێ جـار، هیلاکـی و خۆدزینـەوە و بێزارییەکانی خۆشی لە ڕووداوەکاندا باس کردووە.
بەگوێـری ڕێـگا باریکەکان بێت، لەوە دەچێـت ((ئـاوات قارەمانـی)) و لـە ((ئاوات))چووەکان لە هەرکوێدا بووبن و بۆ هـەر کوێ چووبن، هەمیشە گوێڕایەڵ و دەروێشـی دروشـمی «کـەم بژی و کەڵ بژی» بووبن.
ئاوات قارەمانی، تا پێی کرابێت، لەم کتێبەدا ڕۆڵی ڕاستەقینەی هاوڕێیانی لەو شەڕ و خەباتانەدا باس کردووە، بە قارەمانییانی زانیـوە و لـە هەندێ شوێنیشـدا، ئەگەر باسـی هەڵـە و پەڵـەی هاوڕێیەکیشـی کردبێـت، بەرامبـەر بەو هەڵەیە باسـی زیرەکی و ژیری و ئازایەتیی ئەو هاوڕێ هەڵەکەرەشی کردووە.
لەم ڕێگا باریکانەدا، قارەمانی، مەبەستی بـووە کـە نـاوی هەمـوو هاوڕێیەکانی خۆی و ئەو پێشـمەرگە و سـەرکردانەی لەگەڵیانـدا خەباتـی کـردووە، بهێنێت؛ بـەڵام داخـم ناچێت و دەبێـت بڵێم کە زۆرجار ناوی ئەو پێشمەرگانەی لە بیر چووە کە خەڵکی گەرمیان بوون! ئەگەر کاک ئاوات نیـازی بوو جارێکی تر ئەم کارەی خـۆی چـاپ بکاتەوە، پێویسـتە ڕەچاوی ئەم خاڵە بکات و پەرۆشـانەتر چارەسەریان بکات.
قارەمانـی، لە ڕێگـە باریکەکانیدا، کە لە ٩٤ بـەش و بە ٦٦٦ لاپەڕە و ٦٢ وێنەی فۆتۆگرافـی پێشکەشـی کـردوە، وەکو یادداشـت و گێڕانەوەی چیرۆک باس لە ڕۆڵی خۆی لە شۆڕشـی ئەیلوولەوە تا مانگی ٩ی ١٩٩٠ دەکات. هاوپێچ لەگەڵ هەوڵ و خەباتەکانی خۆی وەکو تاکێک، یادداشـتەکەی کردووەتە پانۆرامایەکی پرسـەروەری مێژووی نەتەوەی کورد لە باشووری کوردستاندا.
بەگشـتی، سێ خاڵی سەرەکی سەرنجی منی وەکو خوێنەرێک ڕاکێشـا، ئەوانیش وەکـو وانەیەکـی مێژوویی بێ سـوود نابێت ئەگـەر لێرەدا بەکورتی ئاماژەیان بۆ بکەین:
١ـ هەر لەگەڵ سەرهەڵدانەوەی شۆڕشی نوێـی نەتەوەی کـورد لە کوردسـتانی باشـووردا، لـە حوزەیرانـی ١٩٧٦دا، حکوومەتـی بەعسـی بەغـدا، هەوڵێکی بێوچانی داوە و سەرکەوتووش بووە لە کڕینی ویژدانـی خەڵکانی کورد چ لەناو شـارەکان و چ لە لادێیەکان و هەروەها چ لەناو ڕیزەکانی شۆڕشـەکەدا! ئەوەتا بەپێی گێڕانەوەی قارەمانی، پێشـمەرگە زۆر کەم و دەگمەن توانیویەتی شەوێک یا ماوەیەک لـە گوندێکدا ئۆقرە بگرێت، یـا بێتـە ناو شـار یـا شـارۆچکەیەک، بەبێ ئەوەی ویژدانفرۆشان ئیخبارییان نەکردبێـت و پاشـان ئـەو ئیخبارییانە نەبووبـن بـە هـۆی شـەهیدبوونی پێشـمەرگەکان. قارەمانـی، زیاتـر لـە بیسـت ئیخباری لەسەر خۆی و لەسەر پێشمەرگەکانی باس دەکات.
بـۆ نموونـە لـە تەنگی سـەر ١٩٧٨ کە بووەتـە هۆی شـەهیدبوونی [ئـارام] و ئیخبـاری سایەقتاکسی لەنـاو شـاری سـلێمانی ١٩٧٨ کـە بووەتـە هـۆی شەهیدبوونی چەند پێشمەرگەیەک.
٢ـــ وەکـو خەسـڵەتێکی پڕبەپێسـتی ڕاڕایی چینی بـورژوای بچووک، تۆران و دانیشـتن [خیشـکردن!] لای هەنـدێ سـەرکردەی سیاسـی و عەسـکەری لەبـەر هەندێ هۆی لاوەکـی و یا لەبەر جوورنەبوونی بۆچـوون و ویسـت و ئارەزوویان لەگەڵ هاوڕێیانی تریان.
ئـاوات قارەمانی، لـەم بـوارەدا لەگەڵ دوو جار خیشـکردنی خۆشیدا، باسی زیاتـر لـە ١٢ ڕووداوی تـۆران بەبـێ هۆ و دانیشـتنی سـەرکردە سیاسی و عەسکەرییەکانی ئەو کاتانە دەکات.
٣ـــ لـە زۆربـەی کاتەکانـدا، قارەمانی، وەکـو پێڕەوکردنـی یادداشتنووسـی، باسی ڕۆژی ڕووداوەکانی نەکردووە و فەرامۆشی کردوون و تەنیا ئاماژەی بۆ ساڵ و مانگی ڕووداوەکان کردووە!
ئەم یادداشتانەی ئاوات، ئەگەرچی ناوی [ڕێـگا باریکەکان]ی هەڵگرتـووە، بەڵام ئاستانەیەکی گەورە و مەزنی ڕاستگۆیی ویژدانی شۆڕشـگێڕانەی قارەمانێکە کە نـاو و بەرژەوەندیـی خـۆی فڕێداوە و [ئـاوات]ی کردۆتـە شـیعار و هاواری ئازادی نەتەوەکەی.

ڕێگا باریکەکان: ڕۆمانەیادداشـت، ئاوات قارەمانی، لە بلاوکراوەکانی وەزارەتی ڕۆشنبیریی حکومەتی کوردسـتان، زنجیرە ٤٣٧، سـلێمانی ٢٠٠٦، ٧٢٨ لاپەڕە.

# ئەمشەو
# عەدنان کەریم لە شاکارێکی تردا

ئامادەکردنی: مەڵبەند








بەرگی ئەلبوومی نوێی عەدنان کەریم

عەدنـان کەریمـی هونەرمەند بە هـاوکاری لەگـەڵ گرووپی کامکارانی کوردستان، ئەلبومێکی سەرکەوتووی تری خۆی بە ناونیشانی (ئەمشەو) گەیاندۆتە گوێگرانی ڕەسەنی کوردی. ئەم ئەلبومەی عەدنانی هونەرمەند، پێک هاتووە لە ٩ گۆرانی، لەسـەر ئەرکی وەزارەتـی ڕۆشـنبیریی حکوومەتی هەرێمی کوردسـتان/ سلێمانی و لەلایەن دەستگای ((نەوا))وە ئەرکی هونەری و تەکنیکی گیراوەتە ئەستۆ و بڵاوکراوەتەوە.

ئەمشەو پێک هاتووە لەم بەرهەمانە:

١- بای نەسـیم، هۆنراوەی قانیع، ئاواز و ڕێکخستنی مۆسیقا لەلایەن ئەردەوان کامکارەوە کراوە.
٢- دڵی من، هۆنراوەی شێخ نوری شێخ ساڵح، ئاوازی عەدنان کەریم و ڕێکخستنی مۆسیقای هۆشەنگ کامکار.
٣- نازداران، هۆنراوەی فۆلکلۆر، ئاوازی عەدنان و ڕێکخستنی مۆسیقای لەلایەن ئەردەوان کامکارەوە بۆ کراوە.
٤- چاوەڕوانی، هۆنراوەی کلاسیکی ((سالم)) ئاوازی کلاسیکی کۆن و دابەشکردنی مۆسیقا لەلایەن سیاوەش کامکارەوە.
٥- ئەمشەو، هۆنراوەی مستەفا بەگی کوردی، ئاوازی عەدنان و دابەشـکردن و ڕێکخسـتنی مۆسـیقا لەلایـەن هۆشـەنگ کامکارەوە.
٦- کـە ئەو جوانە، هۆنـراوەی نەجمەدینی مەلا، ئاوازی عەلی مەردان، دابەشکردن و ڕێکخستنی مۆسیقا لە لایەن ئەردەشیر کامکارەوە.
٧- گیان گیان، هۆنراوە و ئاوازی فۆلکلۆر و ڕێکخسـتنەوەی مۆسیقای لەلایەن هۆشەنگ کامکارەوە.
٨- بەلەنجە، هۆنراوەی سـەید هەورامی، ئـاوازی فۆلکلۆر و ڕێکخستنەوەی مۆسیقا ئەردەڵان کامکار.
٩- نەکـی نەکی، لـە گۆرانییەکانی موحەمەد عارف جزیری و ڕێکخستنەوەی مۆسیقای لەلایەن هۆشەنگ کامکارەوە.

شایەنی باسە، لە هەموو ئەو گۆرانییانەدا، ئەم هونەرمەندانە لە خانـەوادەی کامکاران هاوکاری هونەرمەند عەدنان کەریمیان کردووە.

هۆشەنگ: وەکو ئاوازدانەر و ڕێکخستنەوەی هونەری.
ئەرژەن: بە ڕووباب و دەف.
بێژەنگ: بە سەنتوور.
ئەرژەنگ: بە تومبەک.
ئەرسەلان: بە عوود.
ئەردەشیر: بە کەمانجە.
شیرفام: بە کەمانجە.
ئەردەوان: بە سەنتوور.
سیاوەش: بە سەنتوور.
ئەرژەنگ سیافنژاد: بە تار.
مەریەم و هانا و سەبا بە دەنگ.

لێـرەوە پیرۆزبایـی لە کاک عەدنان کەریـم دەکەین و هیوای سەرکەوتنی زیاتری بۆ دەخوازین.

# هەورامان و دڵەی دێوانەی هونەرمەند تارا جاف

**جوان بۆکانی**




*دەخیلەن دەخیل شای نەونەمامان*
*هۆرزە بەپاوە، بێلمە هەورامان*
*ئاهەورامانە تۆ کەردەن گوزەر*
*تازیەتبارە پەیت ئەو ژەمن بەتەر!*

سی دی تازەی هونەرمەندی کورد تارا جاف لەژێر ناوی ئینگلیزی My Restless Heart واتە «دڵەی دێوانەم»دا لە لەندەن بڵاو کرایەوە. لە سیدییەکەدا تارا جاف وەک گۆرانیبێژ و ژەنیاری هارپ دەردەکەوێت.

دەرچوونی «دڵەی دێوانەم» موژدەیەکی خۆشە بۆ ئەوانەی وا لە یەک دوو ساڵی ڕابوردوودا «میزاجی کوردەوارییان» بە هەندێ کلیپی ناپسپۆڕانەی سەر تەلەفیزیۆنە کوردییەکان تێک چووە. گۆرانییەکانی تارا جاف دەتوانن سارێژی ئەو دڵانە بکەن کە بەناشارەزایی و لاساییکردنەوەی خەڵکانی ناپرۆفیشناڵ بریندار بووبوون.

گرنگایەتیی کاری تارا جاف لەوەدایە توانیویەتی بەرگێکی نوێ بکاتە بەر میلۆدییە کۆنە فۆلکلۆرییەکان و بە یارمەتیی دەنگی خۆشی خۆی و ناڵەی بەسۆزی هارپ کارێک پێشکەش بکات کە ڕەگی لە ڕابوردوودایە و لقی و پۆپی پەلیان کوتاوەتە ئەمڕۆی مۆسیقای کوردی.

ئەم کارە، هەندێک گرووپ و کەسایەتیی دیکەی بواری مۆسیقا لە کوردستان کردوویانە و بۆ نموونە لەناویاندا کاری گرووپی کامکار گەلێک بەرچاوە.

هەندێ لە گۆرانییەکان بە شێوازی «هارمۆنی» واتە هاودەنگی گوتراون کە بریتییە لە گۆرانییەک کە لە دوو ئۆکتای یا پەردەی جیاوازدا دەگوترێت، ئەمجا پێکەوە تۆمار دەکرێن. بەگوێرەی زانیاریی من تارا خانم یەکەم کەس یا یەک لەوانە بووە کە بۆ یەکەم جار کەڵکی لەم تەکنیکە وەرگرتووە و بە گۆرانی هەورامی «یاران» ڕچەی ئەم بوارەی شکاندووە. ڕچەشکێنیی تارا بەوە تەواو نابیت. زیندووکردنەوەی هارپ یان «چەنگ»ی ئەفسانەییش لەو کارە داهێنەرانەیە کە ناوی خۆی و مۆسیقای کوردی لە لەندەن و بەگشتی لە ئەوروپادا کردۆتە ناسیاوی گوێی بێگانان. وا هەیە کەمتر کوردێک ئەوەندەی تارا توانیبێتی مۆسیقای کوردی بە ڕۆژئاواییەکان بناسێنێت.

گۆرانییەکان ـ جگە لە یەکیان، بەگشتی هەورامین واتە بە شیعری هەورامی گوتراون. ئاوڕدانەوەی هونەرمەند لە هونەری هەورامانی پەراوێزکراو، جێگەی ڕێزی تایبەتە و جیا لەو مەسەلەیەش، یەکخستنی ئامێری مۆسیقا لەگەڵ گۆرانیی هەورامی، خۆی لە خۆیدا کارێکی گرنگە، لەبەرئەوەی بونیاتی مۆسیقای هەورامی، تەنانەت ئەوانەی وا «ڕیتمیک»ن، وا هەیە تەنیا لەگەڵ چەپڵە یاخود ئامێرێکی

«پڕکاشــن»دا یــەک بگرنــەوە و بــۆ ئامێری تر ـ بەتایبەت هارپ، بەهاسانی نایەتە گونجان. لەڕاستیدا هونەرمەند بۆ ئاشتکردنەوەی ئەم دوو دیاردە ناتەبایە ڕێگایەکی زۆری بڕیوە.

لێزانــی و توانای تــارا جاف لە لایەک و دەنگــە بلاوێنە بەســۆزەکەی لە لایەکی تر، توانیویانە ئــەم دیاردە نامۆیە بکەنە پێکهاتەیەکــی ســەرکەوتوو. شــازی و مومتازیــی ئامێرەکــەش بــە هانــای کێشــەکەیەوە هاتوون و هەموو پێکەوە بەرهەمێکی هونەرییــان پێک هێناوە کە ناخــی گوێگران دەســمێت و تا قووڵایی عاتیفە و هەســتی بیسەر ڕێگە دەبڕێت.

مــن کە چەند ڕۆژێکــە هەموو دەرفەتی گونجــاوی ژیانــی ڕۆژانــەم تەرخانــی گوێڕاگرتن بــۆ «دڵەی دێوانــە»ی تارا جاف کردووە، دڵم بەو کەسانە دەسووتێ کە هێشــتا ئەو بەختەی منیان نەبووە و لەو خۆشــییە بێبەش بوون کە گوێگرتن بێــت لە دەنگــی دڵنشــینی هونەرمەندی هەڵکەوتووی کورد تارا جاف.

ئــەوەی لــە گۆرانییەکانــی تــارا جافــدا گرنگە، لایەنی مۆسیقاییەکەیەتی و ئەو میلۆدییە ڕازاوانەی وا تۆماری کردوون.

بەداخەوە من شــارەزای بواری مۆسیقا نیــم و ناتوانم گۆرانییەکان لەو لایەنەوە شــی بکەمەوە، ناشــمەویت بە شــێوەی بــاوی کوردی کێشــەی مۆســیقا بنێمە لاوە و بابەتەکە بکەمە مەســەلەی شیعر و زمانــی گۆرانییەکان، بــەڵام بەکورتی دەستنیشــانی یەک دوو خاڵی سەرەکی لە بابەتی شیعرە گۆرانییەکان دەکەم:

١ـ شیعرە هەورامییەکان لەوپەڕی جوانی و ڕازاوەییــدان و بــەم بۆنەیەوە دەبێت پیرۆزبایی لە کاک «موقەددەم لەهۆنی» بکرێت کە شیعرەکانی هەڵبژاردوون.

٢ـ بــەڵام خۆبەســتنەوەی تــارا خانم ـ وەک زۆربەی گۆرانیبێژە کوردەکانمان، بــە بابەتــی کۆنــی فۆلکلۆرییــەوە بۆتە هۆی ئەوەی گۆڕەپانی خۆدەرخســتن و نواندنی کەسایەتیی داهێنەرانەی خۆیان بەرتەســک ببێتــەوە و خۆیــان دووپات بکەنــەوە. ئەمــڕۆ مۆســیقای کــوردی پێویســتی بە نوێخــوازی و نوێکردنەوە و جێهێشــتنی قۆناغی فۆلکلۆری هەیە ـ وەک لە شیعردا ئەو شۆڕشەمان کرد و سەریش کەوتین.

مۆسیقای کوردی دەبێت خۆی لە قوڕی خەســتی فۆلکلــۆر ڕزگار بــکات و پــێ بنێتــە گۆڕەپانــی بەفراوانــی ئەفراندنی هونەری نوێ، ئێمە لە عەینی پاراســتنی کەلەپووری کۆنی مۆسیقاییمان پێویستە مۆسیقا و میلۆدی و لەحنەکانیش هاوڕێ لەگــەڵ شــیعری گۆرانییــەکان بــەرەو بوارێــک بەریــن کــە ئاوێنــەی ژیاریی ئەمڕۆییمــان بێت، نەک هی ســەردەمی جمجمە سوڵتان.

گوێڕاگرتــن بــۆ گۆرانیــی «ڕۆحــی ڕەوانم»ی ناو سی دییەکە دەری دەخات کە هونەرمەند کەڵک لــە «فۆڵس» واتە وچانی مۆســیقایی وەردەگریت و تەقەلا دەکات بــۆ ئەوەی قاڵبی بڕگەیی شــیعر لەگەڵ پەیژەی مۆســیقاکەدا یەک بخات و دەبینیــن کە ژمــارەی بڕگەکان چۆن ڕێگری مۆسیقاکەن.



٣ــ بەپێچەوانــەوە، نموونەی شــیعری ڕەها لە «ســیمفۆنیای گومان»دا چەندە یارمەتیــی هــەردوو لا ــ واتە مۆســیقا و گۆرانیبێــژ، دەدەن خۆیــان بن و خۆ بنوێنن.

وەک گوتم، کێشــەی شــیعر لە گۆرانیدا کێشــەیەکی «تەبەعی» و پلــە دووەمە و باســی ســەرەکی دەبێت مۆســیقاکە بگرێتــەوە. تــارا جــاف بە هــۆی چەند دەرەتانی تایبەتەوە دەتوانێت مۆسیقای کــوردی بەرەوپێش بەرێت و بە گەلانی دیکەی بناسێنێت:

یەکــەم: کەڵــک لــە ئامێرێکــی شــاز وەردەگرێــت، کە نەک هــەر بۆ کورد و گەلانــی دیکــەی ناوچــەی ڕۆژهەڵاتــی ناوەڕاســت سەرنجڕاکێشــە، بەڵکــو لە ئەورووپاش بیسەری زۆرن.

دووەم: دەنگێکــی نەرم و بلاوێنی هەیە،

**... دڵم بەو کەســانە دەســووتێ کە هێشــتا ئەو بەختەی منیان نەبووە و لەو خۆشییە بێبەش بوون کە گوێگرتن بێت لە دەنگی دڵنشــینی هونەرمەندی هەڵکەوتووی کورد تارا جاف...**

کــە دەتوانێت خەمڕەوێنی دڵانی لە خەم کەیل بێت.

ســێیەم و لــە ژوور هەموانەوە، ژنە و دەتوانێــت دەنگــی مەزلوومییەتی ژن لە کۆمەڵگای کوردەواری بێت. تارا خانم ـ وەک ژنی کورد، ئەرکی گەورەی لەسەر شانە و لە هەڵبژاردنی میلۆدی و شیعری گۆرانییەکانــدا باش وایە ئــەو ڕوانگەیە لەبــەر چــاو ون نــەکات. لە مۆســیقای کوردیــدا هونــەری «ژنانــە» بوارێکی بەرتەسکی هەیە و ژنانی هونەرمەندمان لەژێــر کارتێکەریــی زۆری پیــاوان دان. زۆرێــک لەو گۆرانییانــەی وا ژنی هونەرمەنــدی کورد دەیڵێــن فۆلکلۆرین و لــە نەریتێکــی پیاوانــە وەرگیــراون. نموونەی ئەم دیاردەیە لە گۆرانییەکانی تارا خانمیشدا دەبینرێن:

«قۆڵەکەی پڕبازن، شەو سەرینم بۆ»

گۆرانیی «یاران»

«کۆرپــەی قەدباریــک، ڕۆحەکــەی ڕەوانم!»

گۆرانیی «ڕۆحی ڕەوانم»

بەڵام هــەر ئەوەنــدەی کــە هونەرمەند لــە چوارچێــوەی بەرتەنگــی فۆلکلــۆر دەچێتە دەر و بۆ نموونە، مۆســیقایەکی غەیرەفۆلکلــۆری هەڵدەبژێرێت گۆرانیی «ســیمفۆنیای گومــان»، شــیعری گۆرانییەکەش دەکەوێتە فەزایەکی نوێی بەرفراوانەوە و ئاســۆیەکی لەبننەهاتوو دەبینێــت کــە هەرگیز لــە چوارچێوەی هونەرکــوژی فۆلکلــۆردا نەیدەتوانــی سەیری بکات:

«لە ڕۆژباشا،<br>
خۆریان لەبەر پێم سەربڕی،<br>
لە شەوباشا<br>
ئاوێنەی مانگیان<br>
لەبەر چاومان هەڵوەراند...»

گۆرانیی «سیمفۆنیای گومان»

*بەرهەمی نوێی تارا جاف بە هەموو پێوانەیەک ڕازاوە و جوانە، با هەمووومان بە پێوە بوەستین و سەر بۆ ئەو هونەرە بەرزە دانەوێنین.*

# یادێک بۆ ١٠٨ ساڵەی ڕۆژنامەگەریی کوردی لە لەندەن

مەڵبەند



بەشێک لە ئامادەبووانی کۆڕی یادێک بۆ ١٠٨ ساڵەی ڕۆژنامەگەریی کوردی (وێنەکان بە کامێرای ئەکی بابەمیری)

دروستبوونی یەکەمین ڕۆژنامەی کوردی لە ١٨٩٨/٤/٢٢ لە قاهیرە، گەورەترین پەیامی ڕۆشنبیری و کولتووری بوو کە بنەماڵەی بەدرخانییەکان پێشکەشی دنیایان کرد، بەتایبەتی دوای ئەوەی کە چەند ژمارەیەکی ئەم ڕۆژنامەیە لە شارەکانی وەکو قاهیرە، لەندەن، فۆلکستۆن و جنێف دەرچوو، هەرچەندە لەبەر چەند بارودۆخێکی سیاسی و کۆمەڵایەتی بوو بەڵام لە هەمان کاتدا پێناساندنێکی باش بوو بۆ توانا و ئاستی ڕۆژنامەگەریی کوردی، لێرەوە ڕۆژنامەی (کوردستان) ئەو پەیامەی دا بە گوێی دوژمنانی کورددا کە کورد تەنیا بە ڕێگای چەک و بەکارهێنانی هێزی جەستەی داکۆکی لە مافەکانی ناکات، بەڵکو بە قەڵەم و بە هێزی هزر و مێشکیش بەرەنگاری لە ماف و داواو خواستەکانی دەکات. ئەمە لە لایەک لە لایەکی تر، پاش ئەوەی چەند شۆڕشێکی یەک لە دوای یەک لە کوردستانی باکووردا دامرکایەوە کە دیارترینیان شۆڕشەکانی شێخ عوبەیدوڵای نەهری بوو، بەدرخانییەکان ڕۆژنامەگەرییان بە باشترین هۆکار دانا بۆ بەرەنگاریکردن لە کێشەی نەتەوایەتیی میللەتی کورد، بۆیە هەر لەگەڵ دەرکەوتنی ئەستێرەی گەشاوەی (کوردستان)دا، کۆمەڵێک خەڵکی ڕۆشنبیری کورد، ڕۆژنامەی کوردستانیان کرد بە مەکۆی بەرخۆدان و سەکۆی بەرەنگاری کە هەر لێرەوە چەندین وتار و بڵاوکراوەی سیاسی و ئەدەبی و کۆمەڵایەتی خرانە ڕوو، کە سەرجەم نووسینەکان دەربڕی بارودۆخی سیاسیی کوردستان و جەور و ستەمی داگیرکەران و دوژمنانی کورد بوو. جا لێرەوە کوردستان بوو بە نۆبەرەی ڕۆژنامەگەریی کوردی و ئیتر بەدوایدا لە سەرجەم پارچەکانی تری کوردستاندا جموجوڵی کاری ڕۆژنامەگەریتی دەستی پێکرد و ڕۆژنامە و گۆڤار بوون بە باشترین مینبەر بۆ دەربڕینی بیروڕاکانی خەڵکی ستەمدیدەی کورد.



سەربەست کەرکووکی



عەتا موفتی



ناسر حەسەن

لە دوای ١٠٨ ساڵ بەسەر تێپەڕبوونی ئەو یادەدا، مەڵبەندی ڕۆشنبیریی کورد – لەندەن، ڕێکەوتی ٢٠٠٦/٠٥/٠٧ ڕۆژی یەکشەممە لە هۆڵی کوردستان، کۆنفرانسێکی ڕۆژنامەگەریی سازکرد. شایەنی باسە ئەم کۆنفرانسە بە ئامادەبوونی خەڵکانێکی زۆر لە ڕۆشنبیران و ڕۆژنامەنووسانی کوردی دانیشتوی بریتانیا و بە بەشداری هەریەک لە نووسەران و ڕۆژنامەنووسان:

١- ناسر حەسەن، بەڕێوەبەری کەناڵی تەلەفیزیۆنی کەرکوک.

٢- مەسعود لاوە، جێگیری سکرتێری نووسین لە ڕۆژنامەی الشرق الاوسط.

٣- عومەری فارس، بەرپرسی یەکەمین ماڵپەڕی ئەلیکترۆنی کوردستان نێت.

٤- هەڵەت هەمەوەندی، کارمەندی مەڵبەندی ڕۆشنبیریی کورد- لەندەن.

بەڕێوەچوو، سەرەتا سەربەست کەرکووکی شاعیر و ڕۆژنامەنووس کردنەوەی یادەکەی بە داواکرن لە ئامادەبووان بە چەند ساتێک وەستان بۆ ڕوحانەتی بەدرخانییەکان و شەهیدانی ڕێگای ڕۆژنامەگەریی کورد دەستی پێکرد و پاشان ئاماژەی بەوە کرد کە میر میقداد و عەبدولرەحمانی برای مەبەستیان لە شاکارەکانیان هێنانەناوەی ناوی کورد بوو بۆ ڕیزی جیهان و چ ئەو سەردەمە و چ ئێستاش کاری میدیا و ڕۆژنامەگەری بناغەیەک بووە لە بناغە پتەوەکانی دیاردەی مەدەنیەت و شارستانییەت و بەرەوپێشچوونی کۆمەڵ هەروەها بەرزکردنەوەی هەست و شعوری نیشتمانپەروەری و نەتەوەخوازی بۆ ئاستی هەست و شعوری دینیی ئەو سەردەمە لایەنێکی تری گرنگی سەرهەڵدانی ڕۆژنامەگەریی کوردی بوو.

دواتر داوای لە ڕۆژنامەنووس عەتا موفتی بەرپرسی دەستەی ڕۆشنبیریی مەڵبەندی ڕۆشنبیریی کورد کرد کە کۆنفرانسەکە بکاتەوە، موفتیش وتارێکی پێشکەش کرد و لە سەرەتای وتەکەیدا بەخێرهاتنی میوانە بەڕێزەکانی کرد و یادەوەرییەکەی بەرز نرخاند و ئەوەشی دووپات کردەوە کە بەدرخانییەکان گرنگترین دیارییان پێشکەش بە گەلی کورد کرد کە ئەویش ڕۆژنامەی کوردستان بوو. هەروەها لە بەشێکی وتەکەیدا وتی: «مایەی خۆشحاڵییە ئەمڕۆ یەکگرتنەوەی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، کابینەی پێنجەم، ڕاگەیەنرا کە ئەمە هیوا و خەونی هەموو کوردێکی دڵسۆز بووە، وێڕای پیرۆزباییمان لە کابینەی نوێی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لەم ڕۆژە پیرۆزەدا و بەم بۆنە پیرۆزەوە داوا لە بەرپرسانی حکوومەتی هەرێم دەکەین پاڵپشت و پشتیوانی ڕۆژنامەگەریی کوردی بن و ئەگەر تا ئێستا بە هۆی ناکۆکییەکان و کێشەکانی گەلەکەمان لە باشووری کوردستان دەرفەت نەڕەخساوە بۆ ڕۆژنامەنووسان و ڕۆژنامەی ئازاد و سەربەست، ئیدی لەمەودوا پاش یەکگرتنەوەی حکوومەتی هەرێم هیچ پاساوێک نییە بۆ پشتگیرینەکردنی ڕۆژنامەنووس و ڕۆژنامەی ئازاد و ئازا، بۆیە دووبارە بە ناوی سەرجەم کارمەندان و ئەندامانی کۆمیتەی مەڵبەندی ڕۆشنبیریی کوردییەوە داوا دەکەین لە دەسەڵاتدارانی کورد کە ئەوپەڕی پشتگیری دڵسۆزانی ڕۆژنامەگەریی کوردی بکەن و...» هەروەها عەتا موفتی وتاری هەریەکە لە گەورە ڕۆژنامەنووسی عەرەبی عیراقی لە ڕۆژنامەی ((الشرق الاوسط)) عەدنان حوسەین و نووسەری کورد پشکۆ نەجمەدیین و چیمەن ساڵح بەڕێوەبەر و سەرنووسەری ((کوردستان ئۆن لاین))ی خوێندەوە و لە زاری گوزارشتی پیرۆزی و گەورەیی ئەو یادەیان بە ئامادەبووان گەیاند.

دوابەدوای ئەمە، هونەرمەندی بەتوانای کورد تارا جاف بە هاوکاریی هونەرمەندی لاو ئاریا، چەند پارچە مۆسیقایەک و گۆرانییەکی ناوچەی هەورامانییان پێشکەش بە ئامادەبووان کرد و یادەکەیان قەشەنگتر و پڕ جۆش و خرۆشتر کرد.

دەستپێکی باس و خواسی بەشداران بە لێکۆڵینەوەکەی ڕۆژنامەنووس هەڵەت هەمەوەندی دەستی پێکرد کە بریتی بوو لە کاکڵەی تێزی ماستەرەکەی کە بە ناونیشانی ((پێشکەوتنی ڕۆژنامەگەریی کوردی لە عیراقدا لە دوای ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١ تا ٢٠٠٦))، شایەنی باسە توێژینەوەکەی هەمەوەندی بڕوانامەی ماستەری فەلسەفەی لە بواری ڕاگەیاندندا پێ بە دەست هاتووە. سەرەتا هەمەوەندی، پێکهاتەی باسەکەی بۆ ئامادەبووان خستە ڕوو کە باسەکەی بۆ دوو لایەن دابەش کردبوو، لایەنی تیۆری و لایەنی پراکتیکی، کە لایەنی تیۆری باس لە مێژووی ڕۆژنامەگەریی جیهانی و کوردی، تێگەی ڕۆژنامەگەری بەپێی قۆناغەکانی پێشکەوتنی مرۆڤایەتی، کاریگەریی لایەنەکانی سیاسی، کۆمیونیکەیشن و ڕۆشنبیری لەسەر ڕەوتی ڕۆژنامەگەریی جیهانی. لایەنێکی تر بریتی بوو لە باسکردنی



عومەر فارس



کردستان

رۆژنامەی کوردستان



مەسعود لاوە

قۆناغەکانی پێشکەوتنی ڕۆژنامەگەریی کوردی و پۆلێنکردنی ڕۆژنامەگەریی کوردی بوو. لە بەشی پراکتیکدا، گرفتەکانی ڕۆژنامەگەریی کوردی و دواتر پێشخستنی ڕۆژنامەگەری لە ڕووی چارەسەری ئەو گرفتانەوە خرایە ڕوو و بەرهەمی توێژینەوەکەش لە ڕێگای چەند خاڵێکەوە باس کرا کە سەرجەم لایەنەکانی هونەری و پیشەیی و پێکهاتەی سیاسی و دارایی و دابەشکردنی دەگرتە خۆ، ماوەتەوە بڵێین ئەم لێکۆڵینەوەیە بە زمانەکانی ئینگلیزی، عەرەبی و کوردی ئامادەیە و بەم زووانە دەبێت بە کتێب و لە بازاڕەکانی کوردستاندا بڵاو دەبێتەوە.
دوابەدوای هەمەوەندی، ناسر حەسەن بەڕێوەبەری تەلەفیزیۆنی کەرکووک، بۆ ئامادەبووان دوا و سەرەتای باسەکەی لە دەرگادانێک بوو بۆ مێژووی دامەزراندنی تەلەفیزیۆنی کەرکووک، کە چۆن ئەم تەلەفیزیۆنە کاریگەرییەکی گەورەی هەبووە لەسەر وروژاندنی ڕاگەیاندنی کوردی و کۆکردنەوەی هونەرمەندان و ڕۆژنامەنووسان لە دەوری یەکتری و ناسر حەسەن پێی وابوو کە کەناڵی کەرکووک لەگەڵ ئەوەی کە هەندێک گیروگرفتی تەکنیکی هەبوو، بەڵام لە هەمان کاتدا هۆکارێکی گرنگی گەشەسەندنی بواری نواندنی کوردی بوو، هونەرمەند مەکی عەبدولای بە نموونەیەکی گرنگی مەیدانی گەشەپێدان و ڕاکێشانی سەرنجی هاووڵاتیانی بە لای کەناڵی تەلەفیزیۆنی کەرکووکدا هێنایەوە. لە درێژەی باسەکەیدا ئاماژەی بەوە کرد کە کۆمەڵێک بەرهەمی تەلەفیزیۆنی کەرکووک هەیە کە ئێستا لەلای کەناڵەکانی سلێمانی و هەولێرە، هیوای خواست کە بگەڕێتەوە بۆ تەلەفیزیۆنی کەرکووک چونکە ئەو بەرهەمانە موڵکی تەلەفیزیۆنی کەرکووک و خەڵکی کەرکووکە. سەبارەت بە بارودۆخی ئێستای تەلەفیزیۆنی کەرکووک، ناسر وتی: «تەلەفیزیۆنەکە سەربەخۆیە و هیچ گرووپ و لایەنێکی سیاسی دەست لە کاروبارەکان وەرنادات و یارمەتیی دارایی و پەیوەندی ئێمە ڕاستەوخۆ لەگەڵ تۆڕی ڕاگەیاندنی عیراقە و تەنانەت هیچ وەزارەتێکیش مافی دەستتێوەردانی کاری ئێمەی نییە، هەربۆیە ئێمە ئێستا لە ڕووی ئامێر و ئەدەوات و کەلوپەلی بواری ڕاگەیاندنەوە زۆر دەوڵەمەندین و ئەتوانم بڵێم لە مستەوای وڵاتانی پێشکەوتوودابن.»
دواتر، عومەری فارس، بەرپرسی ماڵپەڕی کوردستان نێت، باسی لە چۆنێتیی بواری کارکردنی لە بواری ڕۆژنامەی ئەلکترۆنیدا کرد و مێژووی دەستبەکاربوونی خۆی لەو بوارەدا بردەوە بۆ سەرەتای ساڵی ١٩٩٨، کە ئاماژەشی بەوە کرد وەکو ڕۆژنامەنووس لە سەرەتای ساڵی ١٩٩٠ خزمەت دەکات. دواتر فارس باسی گرنگیی ماڵپەڕەکە و ئاستەنگەکانی بەردەم ئەو بوارەی کرد و ڕوونی کردەوە ماڵپەڕێکی گەورەی وەکو کوردستان نێت کە ڕۆژانە ٣٠-٤٠ هەزار هاووڵاتی تەماشای دەکەن، تەنها یەک کەس سەرپەرشتیار و ئامادەکار و بەرپرسیێتی کە ئەویش بەندەیە و لە سووچێکی قوژبنی چێشتخانەکەمدا لەگەڵ دووکەڵی جگەرەدا دەستلەملان دەبین و خەریکی ئامادەکردنی بابەتەکان دەبەم بۆ ناو سایتەکە. شایەنی باسە ئەم ماڵپەڕە

چەندین بابەتی هەمەجۆری هونەری و ئەدەبی و زانستی و کۆمەڵایەتی و سیاسی دەگرێتە خۆ و بەبێ هیچ سانسۆرێکی دەرەکی و ناوەکی نووسینەکان بڵاو دەکرێنەوە کە هەڵبەتە خوێنەرە بەڕێزەکانیش شایەتحاڵی ئەم لایەنەن.

## نامەیەک لە (عەدنان حسێن)ـەوە بۆ یادەکە

سڵاوتان لێ بێت ئەی ئەو خوشک و برایانەی بە بۆنەی یادەوەریی یەکێک لە گرنگترین ڕۆژە کوردییە مێژووییەکانەوە، ڕۆژی ڕۆژنامەگەریی کوردییەوە، کۆ بوونەتەوە. سڵاوتان لێ بێت و هیوادارم گشت ڕۆژێکی ئێوە و گشت ڕۆژێکی نەتەوە سەربەرزەکەتان و ـ هەروەها ڕۆژانی گشت نەتەوەکانی دنیا ـ پڕ ببێت لە خۆشی و شادی! چون ئێوە کوڕ و کچانی نەتەوەیەکی دێرینن، نەتەوەیەک کە سەردەمانێکی دوورودرێژ و بە گیانێکی مرۆڤانەوە، لە پێناوی بەدەستهێنانی مافەکانی خۆیدا لە هەوڵ و تێکۆشاندا بووە. سڵاوتان لێ بێت بەتایبەت لە ئێستادا کە کاتی چنینەوەی ئەو بەروبومانەیە کە دەرئەنجامی تێکۆشانێکی سەخت و درێژخایەنی ئێوەیە.
دیارە دەرچوون و بڵاوکردنەوەی یەکەم ڕۆژنامەی کوردی بە زمانی کوردی و لە گرنگترین پایتەختی عەرەبیی چاخی نوێدا، یەکێکە لە ڕێکەوتە جوانەکان، ئەگەرچی من هەمیشە پێم وابووە کە

ئەمە بە تەنیا هەر ڕێکەوتێک نەبووە، بەڵکو ئەم کارە مێژووییە پێشڕەوە کردنەوەی دەروازیەکیش بووە بە ڕووی داهاتوودا بۆ بەدەستهێنانی نەک تەنیا پێوەندییەکی پتەو، بەڵکو هاوبەشێتییەک لەنێو هەردوو نەتەوەی کورد و عەرەبماندا.
مقداد بەدرخان، بە دەرکردنی ڕۆژنامەی (کوردستان) لە قاهیرە، سەرکەوتنێکی گرنگ و گەورەی بە دەست هێنا و ئەمە تەنیا سەرکەوتنێکی ماددی نەبوو، بەڵکو سەرکەوتنێکی ڕۆحییش بوو. لەڕاستیدا ئەو کۆترێکی نامەبەری بەرەڵا کرد بۆ ئەوەی ببێت بە پەیامبەری بردە و هاوردەی نامەکانی خۆشەویستی لەنێوان نەتەوەکانماندا و هەروەها چەنگێکی ناوازەشی دروست کرد، وەک چەنگەکەی نێو دەستەکانی خوشکی جوان و داهێنەرمان تارا جاف، کە خاوەنی دەستوپەنجەیەکی سەرمەستکەرانە و هەستونەستێکی ناسک و بەرزە، تا ئاوازی خۆشەویستی و دۆستایەتی بۆ نەتەوەکانمان بژەنێت.

خوشکان و برایان
جوگرافیا، ئێمەی عەرەب و ئێوەی کوردی پێکەوە کۆ کردۆتەوە و مێژووش تا ئێستاکە نەیتوانیوە جیاوازی بخاتە نێومانەوە و لە یەکترمان دوور بخاتەوە!
مەبەستم لە مێژووش، مێژووی ئەو دەستەڵاتدارانەیە کە نەتەوەی کورد و هەروەها نەتەوەی عەرەبیان چەوساندۆتەوە و تائێستاش دەمانچەوسێننەوە.
ئێمە هیچ ڕێگایەکی دیکەمان لە پێشدا نییە، ڕێگای بەقووڵی یەکترخۆشویستن نەبێت، هەمان ڕێگا کە قەیس و لەیلا و مەم و زین هەڵیانبژارد و ئاشکراشە کە ڕقوکینە دژ بە خۆشەویستییە و تەنیا ماڵوێرانی و ڕقلێبوونەوەی لێ دەکەوێتەوە کە مایەی خراپەکاری و وێرانکارییە! تەماشا بکەن ڕقوکینە و ڕقلێبوونەوە ـ مەبەستم لە ڕقوکینەی دەستەڵاتدارە شۆڤێنییەکانە! ـ چی بە نەتەوەکەتان کردووە و هەروەها تەماشا بکەن ڕقوکینە چی بە عیراقی ئەمڕۆ دەکات.
خۆشەویستیم بۆ ئێوە و بە هیوای ئێوارە و ئێوارەکۆڕێکی خۆشم بۆ هەمووتان!

## نامەی چیمەن ساڵح سەرنووسەری کوردستان ئۆنلاین بۆ ۱۰۸ساڵەی یادی ڕۆژنامەگەریی کوردی



بە ڕێزان بەشداربووانی کۆنفرانسی یادی رۆژنامەنووسیی کوردی لە مەڵبەندی ڕۆشنبیریی کوردی لە لەندەن سڵاوتان لێ بێت. خۆشحاڵم بە چەند دێڕێک بەشداری لەو کارە گرنگەتان بکەم، یادی دەرچوونی



لە ڕاستەوە: هەڵەت هەمەوەندی، عومەر فارس، مەسعود لاوە و ناسر حەسەن

یەکـەم ڕۆژنامەی کـوردی لە مێژووی نەتەوەکەمانـدا، یادێکی ئاسـایی نییە و گەورەتریـن ڕووداوی ڕۆشـنبیرییە لە مێژووماندا.
بۆیـە یادکردنـەوەی نابێـت تەنیـا بـە ئاهەنگ و شـایی و بانگهێشت بێ وەک لـە زۆربـەی کاتەکانـدا کـراوە، بەڵکو پێویسـتە بە دیالۆگی بەرز و ئامانجدار و هەڵسـەنگاندنی بیری مرۆڤدۆستانە و ئازادیخوازانەی خەڵکانی وەک ئێوە بێت. تا ئەوەی پێویستە بە دی بێت.
ئەوەی پێویستە چییە؟
ئـەوەی پێویسـتە وەرچەرخانێکـە لـە کاری ڕۆژنامەگەریـی کوردیـدا، بـە جۆرێـک دەرچوونی یەکـەم ڕۆژنامەی کوردی لەو کاتەدا چەند گرنگ بوو، ئەو گۆڕانـەش هێندە بۆ ئەمـڕۆی نەتەوە و نیشتمانەکەمان گرنگ بێت، هەوڵ و کردار بێت بـۆ ڕزگارکردنی ڕۆژنامەنووسـیی کوردی لە تەنگژەی ئێستای کە سەرەڕای خۆشـبوونی ڕێگا لـە بـەردەم ئازادیدا لـە سـایەی پێشـکەوتنی تەکنۆلۆژیاوە، ڕۆژنامەنووسـان نەیانتوانیـوە پەرە بە ئازادیی خۆیان بدەن بۆ گەیاندنی پەیامی مرۆڤـی کـورد و بەدواداچوونی کێشـە هەرە گرنگ و گەورەکانی.
ئەمـڕۆ گەلەکەمـان پێویسـتی بـە نەخشـەیەکی ڕێگا هەیە بۆ بنیاتنانەوە و هەسـتانەوە، ڕۆژنامەنووسیی ئازاد هۆکارێکی فشـارە لەسەر ئەندازیار و جێبەجێکارانی ئەم نەخشەیە و بەشێکی گرنگـە لێی. ئەگـەر ڕۆژنامەنووسـی کورد خۆی ڕزگار نەکات و بە دیدێکی ئازادیخوازانە و بە کاری پرۆفێشناڵانە نەیەتە پێشەوە کێ ئەو کارە بکات؟ بۆ کەی هەڵبگیرێت!؟
ئەمڕۆ پێویستە بەر لە سبەی دەستگای ڕۆژنامەنووسیی ئازاد و سەربەخۆمان هەبێت کە دەنگ و ڕەنگی ژنان و پیاوان و هەموو مرۆڤێک و هەمو کوردێک بن.
ئێمـە وەک ((کوردسـتان ئۆنلایـن)) بەڵێنی ئەوە دەدەین کە سـەکۆی کاری ڕۆژنامەنووسـیی ئـازاد و دەروازەی پـڕ زانیاریکـردن بین. لە هەمـان کاتدا پەیکێکـی دەسـتپاک و نیازپـاک بین لە پێناوی ئەو ئامانجە گرنگەدا.
سەرکەوتوو بن



تارا جاف و ئاریا

## نامەی پشکۆ نەجمەدین لە یادی ١٠٨ ساڵەی ڕۆژنامەگەریی کوردیدا

١٠٨سال، تەمەنی کار و تێکۆشانی بزاڤی ڕۆژنامەگەریی کوردی، بە بەراورد لەگەڵ تەمەنـی ئەم بزاڤە لای میللەتانی دیکە و لە وڵاتانی پێشکەتوودا، مێژوویەکی درێژ نییە، بەڵام بۆ نەتەوەیەکی بێ دەوڵەت و وڵات تەمەنێکە هەڵگری کۆمەڵێک ڕەگەز و خەسـڵەت، لـە هەناوی پرۆسـەیەکی ڕۆشـنبیرییدا کـە ڕۆڵـی کاریگـەری لەسەر سـەرجەمی بزووتنەوە سیاسی، کۆمەڵایەتـی و فەرهەنگییەکانی میللەتی ئێمە بینیوە.
ئـەم بزاڤـە، گەلێـک لایەن و شـێواز و تێمـا و میتـۆدی کارکردنـی جیـاوازی لـەم مێـژووەدا لـە خۆ گرتـووە و ئەم دەرفەتەش مـەودای لێکۆڵینەوەی قووڵ و جددیمان پێ نـادات و قۆناغبەندیمان پێ ناکرێت.
لە سەرتاسەری کوردستاندا، لە ڕێڕەوی ئەم مێژووەدا، سەدان گۆڤار، هەفتەنامە، مانگنامە، ڕۆژنامە و بڵاڤۆک، بە قەوارە و شێواز و تێما و دیالێکتی جیاواز چاپ و بڵاکراونەتـەوە و ئێسـتاش دەکرێن.
هەندێـک لـەم بڵاوکراوانـە تەمەندرێـژ و هەندێـک کورتتەمـەن، هەندێک وەک مانـگ و هەندێکیش وەک ئەسـتێران لە ئاسمانی ئەم بزاڤەدا، دەدرەوشێن.
بزاڤی ڕۆژنامەگەری و بزاڤی سیاسـیی میللەتی کـورد، ئەگەرچـی وەکو جمک لە دایک نەبـوون، وەلێ وەها دێنە پێش چـاو! ئـەم لێکئـالان و ئامێتەبوونـەی ڕۆژنامەگـەری و سیاسـەت، بەناچاری

و بەپێی ئەو بارودۆخە نائاساییەی کۆمەڵگەی کوردی لە کوردستاندا تێ کەوتووە، هێشتا خەسڵەتی دیار و زیدەزەقی بزووتنەوەی ڕۆژنامەگەرییە. بزاڤی ڕۆژنامەگەری، لە سەرەتای نەوەدەکانی سەدەی پێشوو و هەتا ڕۆژگاری ئەمڕۆ، لەژێر کاریگەریی گۆڕانە فرەڕەهەندە دنیاگرەکاندا، هەنگاوی بەرچاوی ناوە. ئەگەرچی دۆخەکەشی لە ئاست ویست و خواستدا نییە، دیسانیش بزووتنەوەیەکە لە کایە سیاسی و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگییەکاندا ڕۆڵی زێدەگرنگی هەیە و شانبەشانی هێز و فاکتەرەکانی دیکە، لە هەوڵی سازدانی کۆمەڵگەیەکی مۆدرن و مەدەنیدایە.

ئێمە دەزانین، جگە لە باشووری کوردستان، لە هیچ بەشێکی دیکەی نیشتماندا دەسەڵاتێکی خۆماڵی نییە. هەربۆیە بزاڤی ڕۆژنامەگەری لە بەشەکانی دیکەدا، سروشت و خەسڵەتی خۆی هەن و ناکرێت بە پێوەری بزاڤی ڕۆژنامەگەری لە باشووردا هەڵسەنگێنریت و مامەڵەی لەتەکدا بکرێت. هەر کە باس لە ڕۆژنامەنووس و ڕۆژنامەگەری دەکەین، لەو سەرەوە، دەسەڵات و سروشت و میکانیزمی دەسەڵات دەبینین.

ڕسکاندن و خورتبوونی بزاڤێکی ڕۆژنامەگەریی ئازاد و مۆدێرن کە هەڵگری تێما و پەیامی ڕاستەقینەی ڕۆژنامەگەری بێت، سەروکاری لەگەڵ سروشت و نێوەرۆکی دەسەڵات و پەیوەندی نێوان کۆمەڵ و دەسەڵاتدا هەیە. لە باشووردا، جارێ ئەم هاوکێشەیە لەنگە و زۆریش لەنگە. وێڕای بوونی چەندین ڕۆژنامەی ئەهلی و نادەوڵەتی، دیسانیش جێبەجێکردنی ئەرکەکان و گەیاندنی پەیامەکان، ئاسان نین و ڕێگاکان پڕ کەند و لەند و لەمپەرن.

کوردیش وەکو میللەتانی دیکە، لە میدیای ئەلیکترۆنی بەهەرەمەندە. ئەم کەناڵەی میدیا و ڕۆژنامەگەری، ئەگەر باشتر بە کار ببرێت و میتۆدی ناشارستانی و کەمئەدەبانەی لێ وەدەرنرێت، دەکرێت لە ئێستا باشتر کاریگەریی لەسەر پێشکەوتنی بزاڤی ڕۆژنامەگەریی کوردی هەبێت.

ماڵپەڕە کوردییەکان، تەنیا پانتاییەکن بۆ بیردەربرینی ئازاد و بێسانسۆر، ئەمەش بە لەبەرچاوگرتنی زەمەن و کەڵەکەبوونی ئەزموون و میتۆدە جیاکانی کارکردن، باری ڕۆژنامەگەری چاتر دەکات.



بەشێک لە ئامادەبووانی کۆڕی یادێک بۆ ١٠٨ ساڵەی ڕۆژنامەگەریی کوردی

## لە یادی ١٠٨ی ساڵەی ڕۆژنامەگەریی کوردیدا مەسعود لاوە لە بەشێکی وتەکەیدا وتی:

دەمەوێت ئەوە بڵێم کە کێشەی میللەتی کورد کێشەیەکی ئینسانییە پێش ئەوەی کێشەیەکی سیاسی بێت. بۆیە هەر نووسەرێک یان دەستگایەکی ڕاگەیاندن ئەگەر هەستی مرۆڤایەتی پشتگوێ بخات و بەرژەوەندیی سیاسی پێش بخات، ناتوانێت لەگەڵ کورددا هەڵوێستێکی ڕاست و بابەتییانەی هەبێت.

دەستگا ڕاگەیاندنەکانی عەرەبی بە ڕادەیەکی کەم سەربەخۆیان تێدایە، چونکە زۆربەی زۆریان سەر بە دەوڵەتە عەرەبییەکانن و درێژدەر (امتداد)ی بیرکردنەوەی عەرەبین، ئەو بیرکردنەوەی وا لە کورد دەڕوانێت کە هۆکارن یان هەوڵ دەدەن بۆ پارچەپارچەکردنی وڵاتێکی عەرەبی، بەبێ ئەوەی هیچ ئاوڕێک لە مافە ڕەواکانی ئەم گەلە بدرێتەوە.

کەواتە من لێرەدا دەتوانم بڵێم: ئەگەر هەڵوێستی ڕاست و باش بەرامبەر کورد هەبێت ئەوا لەسەر ئاستی تاکەکەسە نەک دەستگا ڕاگەیاندنەکان یان دەوڵەتەکان.

ئەگەرچی گۆڕانێکی بەرچاو بەدی دەکرێت لە هەڵوێستی زۆر دەستگا ڕاگەیاندنەکان لە دوای داگیرکردنی کوێت لەلایەن ڕژێمی سەددام و هەروا بێتەوە لەدوای ڕووخاندنی ئەم ڕژێمەش، بەڵام دیارە ئەو گۆڕانە هەڵوێستێکی سیاسییە نەک ئینسانی، چونکە کورد لەنێو چوارچێوەی عیراقدا دووەم هێزی یەکگرتوون لە دوای شیعەکان و دیارە پێویستییان بە موجامەلەکردنی ئەم هێزە هەیە بۆ بەرژەوەندیی سیاسی بێت یان ئابووری.

بێگومان ئەوانەی هەڵوێستی سەلبیان هەیە بەرامبەر کورد و کێشەکەی دەبێت چەند هۆکارێک و فاکتەرێک هەبن پاڵیان پێوە بنێن بۆ ئەم هەڵوێستە. بە ڕای من ئەم هۆکارانە یان فیکرین یان سیاسین.

هۆکاری سیاسی: دیارە ئەوانە سەر بەو دەوڵەتانەن کە مافی کوردیان پێشێل کردووە و دان بە مافەکانیدا نانێن. بۆیە هەرگیز لە بەرژەوەندیی حکوومەتەکانیاندا نییە قسەی خێر بۆ کورد بکەن. هەروەها هۆکاری سیاسی ئەوانەش دەگرێتەوە کە هەڵگری مەبدەئی (دوژمنی دوژمنم دۆستمە و دۆستی دوژمنم دوژمنمە). بە واتای ئەوەی ئەمریکا پاڵپشتی ئیسرائیلە و دوژمنی عەرەب و فەلەستینە و کوردیش هاوپەیمانی ئەمریکایە کەواتە کورد دوژمنی عەرەب و فەلەستینە.

هۆکاری فیکری: ئەوانە دەگرێتەوە کە باکگراوند (خلفیە)ی ئایدیۆلۆژیایی پاڵیان پێوە دەنێت هەڵوێستی سەلبییان هەبێت بەرامبەر کێشەی کورد. لەوانە ئەو ئیسلامییەی بڕوای بە دەوڵەتی



بەشێک لە ئامادەبووانی کۆڕی یادێک بۆ ١٠٨ ساڵەی ڕۆژنامەگەریی کوردی

یەکگرتووی ئیسلامی هەیە. لەلای ئەو ناڕەوایە لەکاتێکدا پەنجا دەوڵەتی موسڵمان هەیە هەوڵ دەدەن یەکیان بخەن، کەچی کورد دەیەوێت بیکات بە پەنجاویەک.
ئەم هەڵوێستە پێشتر لەلایەن چەپڕەوەکان بەدی دەکرا، کە بیری ئایدیۆلۆژیای ئومەمییان هەڵگرتبوو و بڕوایان بە بیری قەومی و مافی نەتەوەیی نەبوو. گوایە ئەگەر کۆمەڵگەی کۆمیونیستیی ڕاستەقینە دابمەزرێت، ئەوا هەرکەس مافی خۆی وەردەگرێت بەبێ جیاوازی لەنێوان ئەو گەل و ئەم نەتەوەیە.
بەڵام هەڵگرانی ئایدیۆلۆژیای قەومی لەنێو عەرەبدا – بە ڕای من – هەڵوێستیان لە لایەنەکانی تر زۆر خراپتر و دوورترە لە ئینساف و دادپەروەرییەوە. چونکە ئەوان بڕوایان بەوەیە کە تا بتوانن بەرژەوەندیی میللەتەکەیان ڕەچاو بکەن (لە نەوت و خاک و ئاو و شتی تر) ئەگەر لەسەر حیسابی نەتەوەی تریش بێت.
بەڵام دەبێت ئاماژە بەوەش بکەین کەوا هەموو چەپڕەوێک یان ئیسلامییەک یان قەومییەک بەم شێوەیە بیر ناکەنەوە و هەڵوێستیان سەلبی نییە بەرامبەر کورد.
چونکە لەنێو ئەواندا خەڵکانێک هەن ئینسانییانە بیر دەکەنەوە و هەڵوێستی باش وەردەگرن، بەرلەوەی مولتەزیم بن بە بیرە ئایدیۆلۆژییایەکەیان.

بۆ نموونە نووسەری عیراقی عەدنان حوسێن و موفەککیری عیراقی خوالێخۆشبوو هادی عەلەوی بە چەپڕەو حیساب دەکرێن. لەنێو ئیسلامییەکانیش نووسەر و سیاسیی ئیسلامی میسری کەمال هەڵەباوی و شاعیری ئیسلامیی سعودی عەبدولڕەحمان عەشماوی هەن. عەشماوی لە ساڵی ٨٨ دوای کیمیابارانی هەڵەبجە چەند هەڵبەستێکی زۆر جوان و بەهێزی نووسی تیایدا باسی قوربانییەکانی ئەم کارەساتە دەکات و گلەیی لە حکوومەت و دەستگا ڕاگەیاندنە عەرەبییەکان دەکات لەبەر بێدەنگبوونیان بەرامبەر ئەم تاوانە گەورەیە.
لەنێو قەومییەکانیشدا ساڵح قەللاب و نووسەری تریش هەن وەکو ئەحمەد ڕەبعی کوێتی بە ئینسافەوە باسی کورد دەکەن لەنێو نووسینەکانیاندا.
بۆ زیادکردنی پاڵپشت و هاوپەیمانان لەناو ڕاگەیاندی عەرەبیدا، بە ڕای من، پێویستە خۆمان هەوڵ بدەین ژمارەیان زیاد بکەین. بۆ ئەم مەبەستەش من چەند پێشنیارێکم هەیە:
یەکەم: ڕێکخستنی کۆنفرانس و سیمینار بۆ ڕۆشنبیرانی کورد و عەرەب، هەروەک ئەو دایەلۆگەی لە قاهیرە سازدرا و بەشایەتی زۆر لە ئامادەبووان سوودبەخش بوو بۆ لەیەکنزیکبوونەوەی ڕاوبۆچوون لەسەر کێشەی گەلەکەمان.
دووەم: لەسەر ئاستی ڕۆژنامەنووسی، چاوپێکەوتن لەگەڵ بیرمەند و ڕۆشنبیرە عەرەبەکان، ئەوانەی سە ربە دەسەڵات نین لە وڵاتە عەرەبییەکاندا و تا ڕادەیەکی زۆر بە سەربەخۆیی و مرۆڤانە بیر دەکەنەوە. لێرەدا دەمەوێت ئاماژە بکەم بۆ کتێبی ڕۆژنامەنووسی کورد سالار ئەوسی کە ١٥ ساڵ زیاترە لە لوبنان نیشتەجێیە و دەرچووی بەشی ڕاگەیاندنە لە زانکۆی لوبنان. لە ڕۆژنامەی (المستقبل) لە بەشی فەرهەنگی نووسینەکانی بڵاو دەکاتەوە. کتێبەکەی کە بە ناوی (الکرد فی الوعی التقافی العربی) (کورد لە هۆشی فەرهەنگیی عەرەبیدا)، چەند چاوپێکەتنێکی ڕۆژنامەنووسییە لەگەڵ کۆمەڵێک لە ڕۆشنبیر و بیرمەندی عەرەب بۆ باسکردن لە تێڕوانینی خۆیان بۆ کێشەی کورد و مافە ڕەواکانی. لەوانە مەمدوح عەدوان و تەیب تیزینی لە سوریا و کەریم مروە و فەواز تەرابولسی لە لوبنان و عەبدولحوسێن شەعبان لە عیراق و کەریم بەررادە لە مەغریب و مەحمود ئەمین ئەلعالم و نەسر حامید ئەبوزەید لە میسر.
سێیەم: وەڵامدانەوە و بەرهەڵستیکردن دژ بە هەر مەقالیک یان چاوپێکەوتنێکی تەلەفزیۆنی کە دژ بە کورد هەڵوێست بنوێنن. ئەمەش بە نووسین لە هەمان بڵاوکراوە ئەگەر بکرێت، یان بڵاوکراوەی تر و هەروەها پەیوەندیکردن بەو تەلەفزیۆنە و بەیانکردنی کێشە ڕەواکەی خۆمان، بەڵام بەبێ ئەوەی هیچ سنووری ڕێز ببەزێنین لە کاتی بەیوەندییە تەلەفۆنییەکەمان یان ناردنی نووسین و ئیمێڵەکانمان.
چوارەم: دەستخۆشیکردن و سوپاس و پێزانینی خۆمان نیشان بدەین (چ وەکو تاکەکەس یان وەکو ڕێکخراوە کوردییەکان) بۆ هەموو ئەو نووسەرانەی بەرامبەر کێشەی کورد هەڵوێستی مرۆڤانەیان هەیە و دیفاع لە کورد دەکەن لە کۆڕ و کۆبوونەوەکان و نووسینەکانیاندا، وەکو (عەدنان حوسێن، عەبدولڕەحمان ڕاشید، عەدنان مەکییە، و ساڵیح قەللاب و مونزر ئەلفەزل و شاعیری خوالێخۆشبوو موحەممەد مەهدی جەواهری و هادی عەلەوی کە خۆی ببێبەری کرد لە ناسنامەی عیراقی چونکە هەمان ناسنامەی ئەو فڕۆکەوانەیە کە هەڵەبجەی کیمیاباران کرد.

# شەوێک بۆ هەورامان، یادێک بۆ ماریا

ئامادەکردنی: مەڵبەند



بەشێک لە ئامادەبووانی کۆڕەکە (وێنەکان بە کامێرای ئەکی بابەمیری)

ئێوارەی ڕۆژی شەممە ٢٠٠٦/٠٥/٢٧ تراستی ماریا بە هاوکاریی مەڵبەندی ڕۆشنبیریی کورد ـ لەندەن، ئێوارەیادێک و کۆبوونەوەیەکیان لە هۆڵی برۆنایی زانکۆی لەندەن ڕێکخست و تێیدا چەندین باسوخواسی تایبەت بە کولتوور و فەرهەنگ و تایبەتمەندیی هەورامان و ناوچەی هەورامان خرایە ڕوو.

باس و لێکۆڵینەوەکان کە زیاتر لە بارەی گرنگی و ڕەسەنایەتی هەورامانەوە بوو، بیرۆکەی ڕێکخستنەکەی دەگەڕێتەوە بۆ تێکەڵاوبوون لەگەڵ ڕوحی پاکی خاتوو ماریا؛ ئەو خانمەی کە هەتا سەری نایەوە لەپێناو خزمەتکردن و پێشکەوتنی ئەو زاراوەیە و تایبەتمەندییەکانیدا کاری کرد.

ماریا هەرچەندە لە میللەتێکی تر و نەژادێکی تر بوو، بەڵام گرنگیی هەورامان و زاراوەی هەورامانی زۆر سەرنجی ئەم خانمەی ڕاکێشابوو.

وەکو ڕێزێک و وەفایەک بۆ ماریا، بە چاک زانرا کە لەم مینبەرەوە چەند لێکۆڵینەوەیەکی هەمەجۆر پێشکەش بکرێت کە بۆ ئەو مەبەستەش چەند بەڕێزێک بانگهێشت کرابوون، لەوانەش: (فیلیپ کرێنبرووک، پرۆفیسۆر ئەندرێس هۆڵمبێرگ، دکتۆر خەلیل ڕەشیدیان، یادی جایران نەژاد، ئەنوەر سوڵتانی و سەربەست کەرکووکی، ئەسعەد سیراجەدین، پەروین موشیر وەزیری و بێوەی نەقشەبەندی).

سەرەتا پرۆفیسۆر فلیپ، ئەدەبی هەورامانی بە شێوەیەکی گشتی هەڵسەنگاند و باسی چەند لایەنێکی مێژوویی زاراوەیی هەورامانی کرد. بەڕێزیان پێی وابوو کە هەورامان و زاراوەی هەورامانی یەکێکە لەو لایەنە گرنگ و پڕ بەهایانەی کە پێویستە لە چەند زانکۆ و کۆلێژێکدا بخرێتە ناو پرۆسەی لێکۆڵینەوە و خوێندنەوە، بەتایبەتی لە کوردستان و عیراقدا.

دواتر، پرۆفیسۆر ئەندرێس، باسی لایەنی زمانەوانی و ڕێزمانیی هەورامانی و لایەنەکانی لێکچوونی ئەم زاراوەیەی لەگەڵ چەند زمانێکی تردا کرد و بە چاوی بەرز گرنگی بڕگەکانی هەورامانی نرخاند و پێی وابوو کە هەورامانی شایستەی لێکۆڵینەوە و گرنگیپێدانی ئەکادیمیی زیاتر و بەبایەخترە.

دوکتۆر یەدی، هاوسەری ماریا، باسی یادەکە و سەرەتاکانی بیرۆکەکەی کرد و گەرموگوڕیی ماریا و هەوڵە بێپایانەکانی ماریای لەپێناوی خزمەتی ئەدەب و هونەری هەورامانیدا خستە ڕوو.

سەربەست کەرکووکی لەمیانەی لێکۆڵینەوەکانی یادەکەدا، بە شێوەیەکی وردبینانە چووە ناو دنیایی ئایدیۆلۆژیایی

یارسانان و چەند بنەمایەکی ئەو باوەڕە، کە باسی لە سەرچاوەیەک کرد لەسەر بنەما فکرییەکانی بیری هاوچەرخی کوردایەتی کە خۆی لە بیروباوەڕی یارسانان (کاکەیی)دا دەبینێتەوە، هەروەها هەوڵی ئەو کۆمەڵە پیر و بابایانەی یارسانان لە سەردەمی دووەمی هیجرییەوە تا سەدەی حەوتەمی هیجری بۆ پاراستنی بنەما فکرییەکە و بەرەنگاریکردنی ئەو بیروبۆچوونە نامۆ و تازەیەی کەوتبووە ناو کوردستانی ئەو چەرخە لە سەردەمی هەموو ئەو بابایانە بەتایبەتی بالولی مایی و سوڵتان ساک و چەندین پیرەژنی تریش.
ئەسعەدی سیراجەدین لە دیدێکی ترەوە هاتە مەیدانەکە، کە بیروباوەری بەرزی عیرفانی ناوچەکە و ئاداب و هەڵسوکەوتی هەورامانی بە چەند نموونەیەکی بەرزی مرۆڤایەتی هێنایەوە و باسی لەوە کرد کە تێکەڵاوی و کارلێکی نێوان جوانیی سروشتی ناوچەی هەورامان و خاکە پاراوەکەی و شێوە نەریت و ئادابەکەی شێوازێکی ڕوونی و پاکی ڕوحی بۆ خەڵکەکەی دروست کردووە، کە ئەمە دەشێت بە هاوکێشەیەکی زۆر دەگمەن بخەملێنرێت.
ئەنوەر سوڵتانی بە تێڕوانینێکی جوانی و پاکیی سروشتەکەی هەورامان و زمانە پاراوەکەی هەورامانەوە هاتە ناو باس و خواسەکەی و وەکو لایەنێکی زمانەوانی ناوچەی هەورامان چەند سەرنج و لێدوانێکی لەو بارەیەوە پێشکەش بە ئامادەبووان کرد و باسی چەند لایەنێک لە برگە و پێکهاتە زمانەوانییەکەی کرد.
دوابەدوای تەواو بوونی بەشی لێکۆڵینەوە، بێوەر نەقشەبەندیی هونەرمەند چەند نموونەیەکی لە گۆرانیی ڕەسەنی ناوچەی هەورامانی پێشکەش کرد و سەرنجی ئامادەبووانی ڕاکێشا.
لە بەشێکی تری چالاکییە هونەرییەکاندا برایانی زەهاوی (هەژار و ئازاد زەهاوی) بە نواندنی ئەوپەڕی پلەی هونەری لە بواری ژەنینی دەف و زەڕبدا ئەوەیان سەلماند کە ئەم دوو ئامێرە ڕەسەنە بەشێکن لە پاشماوە و موڵکی تایبەتی هەورامان و کولتووری هەورامانی.
شایانی باسە هەر لە هەمان بۆنەدا هەریەکە لە هونەرمەندان تارا جاف، کۆرش، کەیوان، ئاریا و سەید بەشدارییان کرد و یادەکەیان بە خرۆش و پڕ جۆشتر کرد.



ماریا



دوکتۆر (یەدی)ی هاوسەری ماریا و منداڵەکانیان

ماوەتەوە بڵێین یادەکە هەوڵ و تەقەلایەکی زۆری میدیا زەهاوی و تارا جاف و ئاغای ڕەشیدی تێدا سەرف کرا و ئەو بەڕێزانە وەکو ئەندامی ترەستی ماریا دەستێکی باڵایان هەبوو لە ڕێکخستنی یادەکەدا.

# ئەحمەد عەسكەری: فشار بۆ جێبەجێكردنی مادەی ١٤٠ بەرپرسیارێتیی هەموو لایەكە

دەستەی پشـــتیوانیی كەركووك بە هاوكاریی مەڵبەندی ڕۆشنبیریی كورد ـ لەندەن، ئێوارەی ڕۆژی یەكشەممە ٢٠٠٦/٠٧/١٦، كات: ٦ تا ١٠، لە هۆڵی كوردستان مەڵبەندی ڕۆشنبیریی كورد ـ لەندەن، كۆڕێكی بۆ شێخ ئەحمەد عەسكەری ئەندامی ئەنجوومەنی پارێزگای كەركووك سازكرد.




ئەحمەد عەسكەری و هەڵەت هەمەوەندی

سەرەتا هەڵەت هەمەوەندی؛ بەڕێوەبەری كۆڕەكە، بە ناوی دەستەی پشتیوانیی كەركووك و مەڵبەندی ڕۆشنبیریی كورد– لەندەن، بەخێرهاتنی هەموو لایەكی كرد و ئاماژەی بەوە دا، كە شێخ ئەحمەد دوو ساڵ بەر لە ئێستا لە هەمان شوێن كۆڕێكی لەم بابەتەی سازكرد بەڵام جیاوازتر لە بارودۆخی ئێستا و ئارامتر لەو كەشوهەوایەی كە ئێستا لە كەركووكدا هەیە، كە دوو ساڵ بەر لە ئێستا گەشبینانەتر و بە هیوایەكی ترە و باسی لە پێشهاتەكان و بونیادنانەوەی بارودۆخی كۆمەڵایەتی و ئیداری و ڕۆشنبیریی كەركووكی دەكرد.

ئێستا پاش لە دوو ساڵی پڕ گۆڕانكاری و بەرەوپاشچوونی ئارامی و ترسناكی لە چارەنووسی ئەو شارە و نزیكبوونەوەی جێبەجێكردنی مادەی ١٤٠ لە دەستووری عیراق، بە پێویستی دەزانین كە جارێكی تر شێخ ئەحمەد گرنگترین ئەگەرەكانی ئەو جێبەجێكردنە و لایەنە خزمەتگوزارییەكانی ئەو شارەمان بۆ دەربخات و بزانین تا چ ڕادەیەك كارەكانی ئەنجوومەنی پارێزگای كەركووك لە ئاستی پێداویستیی دانیشتواندان؟

شێخ ئەحمەد، لە بەرامبەر ئەو دەرفەتەدا، سوپاسی دەستەی پشتیوانیی كەركووك و مەڵبەندی ڕۆشنبیری كرد، پاشان وەكو دەستپێكێك باسێكی مێژوویی لە بارەی كەركووكەوە پێشكەش كرد و ئاماژەی بە چەند لایەنێكی ئەو شارە كرد، كە بریتی بوون لە ڕەچەڵەكی ناو و ڕووبەری جوگرافیایی كەركووك و گرنگترین سەرچاوە پشتپێبەستەكانی كەركووك.

شێواندنی دیموگرافیای کەرکووک، خاڵێکی تری ئاماژەپێکراو بوو کە سەرەتای شێواندنی شارەکە لە ڕێگەی دروستکردنی پڕۆژەی ئاودێریی حەویجەوە دەستی پێکرد و چەندماڵێکیان لەوێ نیشتەجێ کرد. دواتر یەکەم هەنگاو لە ساڵی ١٩٦٣ لەلایەن حەرس قەومییەکانەوە دەستی پێکرد کە کەوتنە تاڵانکردنی گوندەکان بە بیانووی داڵدەدانی پێشمەرگەوە. لەگەڵ هاتنی بەعسدا لە ساڵی ١٩٦٨ بەرنامەڕێژی بۆ تەعریب و شێواندنی سیمای شارەکە دانرا، کە ئەمەش لە چەند لایەنێکەوە بوو، وەکو

١ـ تێکدانی گەڕەکە کوردییەکان.
٢ـ هێنانی خەڵکی عەرەب لە دەرەوەی کەرکووک و نیشتەجێکردنیان لە کەرکووک.
٣ـ گۆڕینی ڕەگەز لە کوردییەوە بۆ عەرەبی.
٤ـ ڕاگواستنی دەیان گوند بە مەبەستی دروستکردنی بنکەی سەربازی.
٥ـ ڕێگرتن لە موڵکداری بۆ کورد.
٦ـ ڕاگواستنی چەندەها گوند لە سەردەمی ئەنفالدا.
٧ـ لەناوبردنی ئاسەواری کۆن.
٨ـ پشتگوێخستنی گەڕەکە کوردییەکانی ناو شاری کەرکووک لە ڕووی خزمەتگوزارییەوە.
٩ـ دابڕاندنی ئیداری چەند شار و شارۆچکەیەکی کورد لەسەر پارێزگای کەرکووک و گواستنەوەی پەیوەندیی کارگێڕیی چەند شارێکی عەرەبی لە دەرەوەی سنووری ئیداری شاری کەرکووک بۆ سەر شاری کەرکووک.

دواتر عەسکەری، بە پرسیارێک هاتەوە سەر بابەتێکی تر کە ئایا تەعریب وەستاوە؟
لەوەڵامدا وتی: نەخێر بەردەوامە، بەڵام بە شێوازی تر کە لە ڕێگەی دامەزراندنی مەرکەزی و هەندێک جار بە ناوی کێشە و گیروگرفتەوە و هەندێک جار بە ناوی خزمایەتییەوە و هەندێک جاریش بە ناوی کێشەی ئەمن و ئاسایشەوە دەیانەوێت خەڵک ئاڕاستەی کەرکووک بکەن، بەڵام لە هەموو بارێکدا ئەنجوومەنی پارێزگا ڕووبەڕوویان بۆتەوە و ئەو کارانەی ڕەد کردۆتەوە.
لە تەوەرێکی تردا، باس لە بابەتی ئاوەدانکردنەوە کرا، کە پێی وابوو لەو بارەدا چەند لایەنێک تێیدا بەرپرسن، کە بریتیین لە ئەنجوومەن، پارێزگا و فەرمانگەکان.

ئەنجوومەنی کەرکووک لە پێنج لیست پێک هاتووە کە بریتیین لە لیستی برایەتی، لیستی تورکمان، لیستی تەجەموعی کۆماری، لیستی تورکمانی ئیئتیلاف و لیستی تەجەمەعی عەرەبی. لە ڕووی سیاسییەوە لە ١٧ حیزب و لە ڕووی دینییەوە لە دوو دین پێک هاتووە.
هەروەها عەسکەری باسی ئەوەی کرد ئەساسی مادەی ١٤٠ لەگەڵ لایەنەکاندا دەدوێت، باسکردنی بەردەوامی مادەی ١٤٠ لەگەڵ لایەنە جیاوازەکاندا، نیشتەجێکردنی ئاوارەکان، گیروگرفتی هاوردەکان و ئاوەدانکردنەوەی شار و دێهاتەکان.
دواتر لە بارەی بەرپرسیارێتی و ئامادەیی لایەنە کوردییەکانەوە، عەسکەری پێی وابوو کە دەبێت هەموو کەس لە ڕاست

**... هەندێک جار بە ناوی کێشە و گیروگرفتەوە و هەندێک جار بە ناوی خزمایەتییەوە و هەندێک جاریش بە ناوی کێشەی ئەمن و ئاسایشەوە دەیانەوێت خەڵک ئاڕاستەی کەرکووک بکەن، بەڵام لە هەموو بارێکدا ئەنجوومەنی پارێزگا ڕووبەڕوویان بۆتەوە...**

کە لە باری ئێستادا زۆر پڕۆژە هەن کە بە نیوەناچڵی دەڕۆن بەڕێوە کە ئەمەش لەبەرئەوەی زۆربەی فەرمانبەر و کاربەدەستانی شارداری کوردن، بۆیە لەلایەن مەرکەزەوە بەگرنگییەوە تەماشای کار و پڕۆژەکانی ئەو شارە ناکرێت، ئەمە لەکاتێکدایە کە کەرکووک وەکو کەلاوەیەکی لێهاتووە و پێداویستییەکانی زۆر لەوە زیاترە کە ئێستا هەن!
سەبارەت بە کار و نەخشە و پلانی داهاتووی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک ئاماژەی بەم لایەنانە دا:

١ـ ماستەرپلانی شاری کەرکووک.
٢ـ شەبەکەی ئاوەڕۆی کەرکووک.
٣ـ کاراکردنی فەرمانگە و دائیرەکان.
٤ـ ئاوەدانکردنەوەی شارۆچکە و گوندەکان.
٥ـ نوێژەنکردنەوەی شوێنەوارەکان.

دواتر لە بارەی مادەی ١٤٠ و ئەگەرەکانی جێبەجێنەکردنی، عەسکەری باسی لە قۆناخەکانی جێبەجێکردنی ئەو مادەیەی کرد کە ناوەرۆکەکەی بریتییە لە گەڕانەوەی دابڕاوەکان، سەرژمێری و ڕاپرسی.
سەرۆکوەزیرانی عیراق مالکی لە بەرنامەکەیدا، بەم شێوەیە کاتەکانی دیاری کردووە، گەڕاندنەوەی سنوورەکانی تا ٢٠٠٧/٠٣/٣١ و سەرژمێری تا ٢٠٠٧/٠٧/٣١ و ڕاپرسی تا ٢٠٠٧/١١/١٥.
لە بەرامبەری ئەگەرەکان و پەلەکردن بۆ جێبەجێکردنی بڕیاری ١٤٠دا، لیستی برایەتی چەند هەنگاوێکی ناوە کە لەوانە، دروستکردنی لیژنەیەک، دیاریکردنی دروشمی سەرەکیی لیستەکە کە لەسەر خۆیەوە هەست بە لێپرسراوێتی بکات لە بەرامبەر جێبەجێکردنی مادەی ١٤٠ دا، بەتایبەتی سەرکردایەتیی سیاسیی کورد دەبێت ئەوە ڕەچاو بکات کە لەپاش سەرنەگرتنی ئەم جێبەجێکارییە پێشبینی کاری هاوئاهەنگتر نەکات لەگەڵ حکوومەتی مەرکەزیی عیراقدا، چونکە کێشەی کەرکووک خاڵی بنەڕەتی پێکەوەتەبایی و هاوبەشیکردنە لەگەڵ بەغدا. هەروەها لە ڕوویەکی ترەوە باسی لەوە کرد کە دەبێت سەرجەم لایەنەکان، چ لە ناوەوە و چ لە دەرەوە، فشار بخەنە سەر سەرکردایەتیی سیاسیی کورد و لایەنە بەرپرسەکان بۆ دەستوبرد کردن لە جێبەجێکردنی بڕیارەکە جا ج بە نووسین یا کۆڕ یا کۆبوونەوە و خۆپیشاندان بێت کە ئەمانە کاری زۆر دنەدەرن بۆ سەرکەوتنی پرۆسەکە.
لەکۆتاییدا، شێخ ئەحمەد بەڵێنی ئەوەی دا سەرنج و تێبینییەکانی ئامادەبووان بیگەیەنێتە ئەنجوومەنی پارێزگا و لایەنە بەرپرسەکان لە کەرکووک.
شایەنی باسە کۆڕەکە کۆمەڵێکی زۆر لە ڕۆشنبیران و نووسەران و کەسایەتییە سیاسییەکان ئامادەی بوون و دواتر لە دوای کۆتایی کۆڕەکەش ئامادەبووان بەشدارییان لە پێشانگای فۆتۆگرافی هونەرمەند ئەکی بابەمیری کرد، کە چەندین وێنەی جۆراوجۆر و دیمەنی قەشەنگی لە خۆ گرتبوو. شایەنی وتنە پێشانگاکە لەلایەن مەڵبەندی ڕۆشنبیریی کوردەوە ڕێکخرابوو و لە هۆڵی کتێبخانەی مەڵبەند بەڕێوەچوو.

٢٠٠٦/٧/١٧

# کۆڕێک بۆ دوکتۆر فوئاد مەعسوم

مەڵبەند ـ لەندەن



د. فوئاد مەعسوم و ئەنوەر محەمەد (کامێرای مەڵبەند)

لە ڕێکەوتی ٢٠٠٦/٠٧/٢١دا، دەستەی ڕۆشنبیریی مەڵبەندی ڕۆشنبیریی کورد ـ لەندەن، کۆڕێکی بۆ دوکتۆر فوئاد مەعسوم سەرۆکی لیستی هاوپەیمانی کوردستان لە هۆڵی کوردستان سازدا.
سەرەکیترین تەوەری کۆڕەکە بریتی بوو لە چەند باس و خواسێک کە دابەش کرابوو بەسەر (بارودۆخی عیراق، کوردستان و مەسەلەی کەرکووک).
لەبارەی بارودۆخی عیراقەوە بەڕێزیان وتی بارودۆخەکە ئێستا لە جاران خراپترە کە ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ چەند هۆکارێک لەوانە دووبەرەکیی مەزهەبی و ئایینی و ناڕێکیی لایەنەکان لە عیراقدا. لایەنی ئەمنی گرنگترین لایەنە بۆ پارێزگاری هاووڵاتیان، بەڵام بەداخەوە ئەم لایەنە زۆر لاوازە کە هەرچەندە چەندین هەوڵ و تەقەلاشی بۆ دراوە و ئێستاش پلانێکی ئەمنی تازە لە ئارادایە کە بە هیواین بارودۆخەکە بەرەو باشتر بەرێت.
سەبارەت بەبوونی سەرکردایەتیی کورد لە بەغدا بەڕێزیان وتی نەبوونی ئێمە هیچ بۆ کورد ناکات و سەربەخۆیی کورد بەوە بە دەست نایەت، ئەمە سەرەڕای ئەوەی کە ئێمە پێویستیمان بە پاڵپشتی دارایی ئەوێ هەیە و پشتکردن لەوێ زەرەر لە بارودۆخی ئابووریی کوردستان دەدات.
لەبارەی بارودۆخی کوردستانەوە، دوکتۆر پێی وابوو کە ئێستا باشترین بارودۆخ لەئارادایە بۆ کورد و، کوردستان پێشکەوتنێکی باشی بەخۆوە بینیوە، هەرچەندە شەڕی ناوخۆ زەرەر و زیانێکی زۆری لێداین، بەڵام شکور وا ئێستا حکوومەت یەکی گرتەوە و قۆناغێکی تر هاتەئاراوە و گەشبینین کە بارودۆخەکە باشتر دەڕوات، تەنها چوار وەزارەت: مالیە، پێشمەرگە، یاسا و ناوخۆ ماوە و ئەوانیش بەم زووانە یەک دەگرنەوە.
گەندەڵی لایەنێکی تری باسوخواسەکان بوو، کە پێی وابوو گەندەڵی هەیە بەڵام بەو شێوەیە نییە کە باسی لێ دەکرێت، ئەمە زیاتر ڕاگەیاندنەکان گەورەیان کردۆتەوە، چونکە گەندەڵی تەنیا لە کوردستاندا نییە، بەڵکو لە زۆربەی وڵاتانی پێشکەوتووی دنیادا بەدی دەکرێت. ئەوەشی لە کوردستاندا هەیە بەپێی ئاستەکان لەداهاتوودا هەنگاوی چارەسەری بۆ دەنرێت و بنەکێش دەکرێت.
هەروەها لەبارەی مەسەلەی کەرکووکەوە، بەڕێزیان وتی ئەمە گرنگترین بابەتە و ئەو مەرجانەی دانراون، ئەگەر جێبەجێ بکرێن زۆر باش دەبێت. لە سەردەمی جەعفەریدا بەڵێن درا کە جێبەجێی بڕگەکان بکرێت کە بڕیاری لەسەر درابوو و بریتی بوون لە ئاسایبکردنەوە و سەرژمێری و ڕیفراندۆم. ئێستا خەریکی دانانی لیژنەیەکن کە تائێستاش دیار نییە کێ دەکەنە بەرپرسیاری لیژنەکە. ٢٠٠٧/١٢/٣١ دوا مێژووی کاری جێبەجێکردنەکەیە، کە مەسەلەی کەرکووک مەسەلەیەکە کەس ناتوانێت و ناوێرێت لەسەری مساوەمە بکات، چونکە مەسەلەیەکی مەرکەزییە لەبارەی کوردەوە و خاڵی بنەڕەتییە لە بارەی داوا و خواستەکانمانەوە.
شیعەکان زیاتر لەبارتر و ئامادەییان تێدایە بۆ ئەوەی کەرکووک بگەڕێتەوە سەر خاکی کوردستان، سوننەکان کەمتر ئارەزووی گەڕانەوەی کەرکووک دەکەن بۆ سەر خاکی کوردستان، کە هەر لەم مینبەرەوەیە باسی مەرکەزییەت دەکەن زیاتر لە فیدراڵییەت.
دوابەدوای وتەکەی بەڕێزیان چەندین پرسیار و سەرنجی جۆراوجۆر خرایە ڕوو و کە جێگای باسوخواس بوون. لەکۆتایشدا دوکتۆر فوئاد سوپاسی مەڵبەندی کرد و بەڵێنی دا کە بابەت و پێشنیارەکان بگەیەنێتە شوێنی باس و لێکۆڵینەوە.

# کۆڕێکی هونەری بۆ ڕێبوار سەعید

کەمال ساڵح



ڕێبوار سەعید و ڕەزان جەلال عەزیز

دەستەی هونەریی مەڵبەندی ڕۆشنبیریی کوردی لە لەندەن، ڕۆژی ٢٠٠٦/٨/١٢ کاتژمێر ٧ی سەر لە ئێوارە لە هۆڵی کتێبخانەی مەڵبەند کۆڕێکی هونەری ساز کرد بۆ هونەرمەند ڕێبوار سەعید، مامۆستای هونەر لە زانکۆی سلێمانی کە بە سەردان گەڕاوەتەوە بۆ لەندەن. کۆڕەکە لەلایەن خاتوو ڕەزان جەلال عەزیزەوە بەڕێوە چوو.

کۆڕگێڕ بە تێروتەسەلی تیشکی خستە سەر تەوەرەکانی کۆڕەکەی کە بریتی بوون لە:

دامەزراندنی مۆزەخانەی هونەری هاوچەرخ لە سلێمانی و ڕەوتی هونەری شێوەکاری کورد و سووتاندنی پێنج هەزار پۆرتریت بۆ پێنج هەزار قوربانی.

هونەرمەند لەمیانەی کۆڕەکەدا تیشکی خستە سەر گرنگیی دامەزراندنی مۆزەخانەی هاوچەرخ و کاریگەریی ئەو مۆزەخانەیە لەسەر بەرەوپێشچوونی هونەری شێوەکاری لە کوردستاندا، نمایشکردنی تابلۆی هونەرمەندە جیهانییە بەناوبانگەکان و ئاشناکردنیان بە دیدی گەنجانی کوردستان.

هەروەها باسی لە کردنەوەی بەشی تایبەت بە منداڵان لە مۆزەخانەکەدا کرد.

پاشان گوڵبژێرێک پرسیار و وەڵام لەنێوان ئامادەبووان و ڕێبواری هونەرمەنددا بەڕێوە چوو.

شایانی باسە ژمارەیەکی بەرچاو لە هونەرمەندان و عاشقانی هونەرەکەی ڕێبوار سەعید ئامادەی کۆڕەکە بوون کە زیاتر لە سێ کاتژمێری خایاند.

هونەرمەند لەپاڵ باسەکانیدا کۆمەڵێک لە بەرهەمەکانی بە تابلۆ و سکرین خستە بەردەم دیدی ئامادەبووان کە جێی ڕەزامەندیی هەمووان بوو.



نەخشەی مۆزەخانەی هونەری هاوچەرخ لە سلێمانی

# یەکەی پێویست

شێرزاد شێخانی

یەکەم دەستکەوتی حکوومەتی هەرێمی کوردستان دوای یەکبوونی هەردوو ئیدارەکە بۆ جەماوەری گەلەکەمان، گۆڕینی تەلەفونی نۆرماڵی ماڵان بوو بۆ سیستەمی کارت. ئەمجا دەبێت جەماوەری ستەمدیدەی کوردستان هەلهەلەیەکی دوورودرێژ لێ بدەن بۆ حکوومەتەکەی خۆماڵیمان.

بەیانی کارەباکەشمان دەبێت بە کارت و ئیدی دەبێت فاتیحایەکی لە هەلهەلەکە دوورودرێژتر بۆ ئامێرەکانی ساردکەرەوەی وەکو موبەریدە و کۆندیشن و سپلیت بخوێنین، دوعای خێریان بۆ بکەین و ماڵیان ئاوا بێت و کوڕیان بە زاوا بێت، کە وەختانێک هەناویان فێنک دەکردینەوە.

دوو سبەی بە تەئکید ئاوەکەشمان دەبێتە کارت، جا ئەگەر بەیانی لە خەو هەڵساین و ویستمان وەکو سروودەکانی مەکتەبی سەرەتایی فێریان کردین کە بچینە بەر مەخسەل و دەموچاومان بشۆین، بەلوعەکە دەکەینەوە، دەبینین دەنگێکی ناسک پێمان دەڵێت: «یەکەی پێویستت نییە بۆ تەواوکردنی دەموچاوشتنەکەت.»

جاران کە لە ئۆپۆسزیۆندا بووین، بچووینایەتە هەر وڵاتێک، قژی خۆمان دەڕنی و شین و گریان و فیغانمان بوو، چونکە سەدام حوسین لە داهاتی نەوتی عیراق، تەنها ٥٪ سەرف دەکرد بۆ هەموو عیراق بە ١٨ پارێزگاوە و ئەوی تریشی دەخستە باخەڵی خۆیەوە و بۆ خۆی و خێزانەکەی عافییەتی دەکرد، ئێستاش وەکو بیستوومانە



شێرزاد شێخانی

دەڵێن حکوومەتی هەرێمی کوردستان ١٧٪ بودجەی عیراقی بەر دەکەوێت، کەچی هێشتا بەشی نان و ئاوی سێ پارێزگای ناکات، بۆیە دەیانەوێت بە پارەی تەلەفوناتی ژنەکەم معاشی پۆلیسەکانیان بدەن! دووەم دەستکەوتی حکوومەتی هەرێمی کوردستانیش ئەوە بوو بە بۆنەی یادی ساڵانەی شۆرشی ١٤ی تەمووزەوە، واتە ١٤ گەلاوێژ، لە ڕێگەی بایەعەکانەوە لە هەندێ لە گەڕەکەکانی پایەختدا دەستیان کردەوە بە دابەشکردنی بەرمیلی نەوت بەسەر هاووڵاتیاندا، بۆ ئەوەی لەو چلەی هاوینەدا خۆیانی پێ گەرم بکەنەوە، چونکە دەرەجەی حەرارە لە کوردستاندا گەیشتۆتە ٤٨ دەرەجە و هێشتا دوو دەرەجە ماوە بۆ پەنجا، بۆ ئەوەی سیحەتی ئینسان لەم وەرزەدا تێک نەچێت بە دابەزینی پلەی گەرما. بۆیە وتیان ئێستا باشترین وەختە بۆ دابەشکردنی نەوت، ئەوەش هەڵبەت هەر بە کارتی بایەعە!

سێیەم دەستکەوتی حکوومەتی هەرێمی کوردستانیش گرانکردنی نرخی بەنزینە، کە بۆ سەیارە و مەیارە و بۆ موەلیدەی کارەبا بە کار دەهێنرێت.

نرخی دەبەیەک بەنزین بووە بە ١٥ دۆلار، عەینەن سیعری بەنزین لە ئەمریکا، چونکە مۆزەفی ئێمە هەمان مووچەی مۆزەفی ئەمریکایی وەردەگرێت بە حیسابی ساڵانی حەفتاکان، واتە ٣٣ دینار بەرامبەر بە ١٠٠ دۆلار، جا مووچەی تەقاعوودییەکەی من کە ٤٠٠ دینارە، ڕێک دەکاتە ١٢١٢ دۆلار، واتە نرخی یەک تانکەر بەنزین!

هەڵبەت ئەو بەنزینەش لە وێستگە حکوومییەکاندا دەست ناکەوێت، چونکە تانکەری گەورەی وایان نییە تێیدا هەڵیگرن، بۆیە دەیدەن بە منداڵانی سەر شۆستەکان بۆ فرۆشتنی لەجیاتی حکوومەت!

ئەو دەستکەوتە مێژووییانەی حکوومەتی هەرێم بە هەردوو ئیدارەکەیەوە، شایەنی چەپڵەڕێزان و شایی و هەڵپەرکێیە لە هەموو شار و شارۆچکە ئازاداکراوەکانی کوردستان و پاداشتێکی زۆر گەورەشە بە بۆنەی یەکبوونەوەی هەردوو حکوومەتی هەرێم...

ئیدی، بڕۆن بۆ پێشەوە لە سەرکەوتنێکەوە بۆ سەرکەوتنێکی تر...

سەرکەوتن تا نەسرەوتن!!!

Sherzadshekhani@yahoo.com